Zanco Journal of Law and Politics
Vol(24), No(42), 2026
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق (٢٠٠٥-٢٠٢٥) لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش *

سیامەند طە ملاک
قوتابی ماستەر، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، عێراق
arazakrayi1@gmail.com
پ. ی. د. پەروێز رەحیم قادر
بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، عێراق
parwez.qader@su.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان : | Received: 31/10/2025 | ID No. 5344 |
| قوتابخانەی ئاسایشی کۆپێنهاگن، مەترسیە ناوخۆی، هەرێمی کوردستان | Accepted: 11/01/2026 | (PP 178 - 209) |
| | Published:07/06/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.8 |

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئاسایشی کوپنهاگن هەوڵی شیکردنەوەی مەترسییە ئاسایشییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەدەین. ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ و ڕوخانی ڕژێمی پێشوو ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و هەڕەشە ئاسایشی بووەتەوە کە کاریگەری نەرێنییان لە سەر هەر یەک لە کەرتەکانی ئاسایش هەبووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێ کردنی پرس و ڕەهەندە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستانە و هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئاسایشی کوپنهاگن مەترسییە سەرەکییەکانی سەر کەرتەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کامانەن؟ لە بەشێکی تری ئەم توێژینەوەدا چوارچێوەی تیۆری بۆ شیکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی و کاریگەری ململانێ و ناکۆکی هێزە سیاسیەکانی بەشدار لە دەسەڵات لەسەر هەر یەک لە کەرتەکانی (سیاسی، ئابووری، سەربازی، کومەڵگەیی، ژینگەیی) بەپێی ڕوانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن دەخەینەڕوو. لە کۆتایی ئەم توێژینەوە دەگەینە چەند دەرەنجامێک، کە ململانێی قوڵی حزبی و سیاسی و نەبوونی ئابوورییەکی باش لە ڕووی فرە چەشن نەکردنی سەرچاوەکانی داهات و تەنیا پشت بەستن بە فروشتنی نەوت، و دابەشبوونی حزبی هێزی سەربازی و ئەمنییەکان، و پرسی ناسنامە و ماددەی هۆشبەر و کۆچ، پرسی ژینگە، کار و کارلێکی ئەم کەرتانە دەبنە هۆی بە نائاسایشیکردنی پرسەکان، و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخەنە ژێر هەڕەشەوە. لەم توێژینەوەیەدا سوودم لە میتۆدی چۆنایەتی وەرگرتووە و لە ناو میتۆدی چۆنایەتیش (ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک)م بە کار هێناوە، بۆ کۆ کردنەوەی زانیارییەکان سوود لە سەرچاوەکانی زانستی و کتێبخانە و ئینترنێت و گۆڤاری زانستی وەرگیراوە.

## پێشەکی

کۆتایی شەڕی سارد (شەری سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژی لە نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ١٩٤٧-١٩٩١) وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە بوو لە بواری لێکوڵینەوەکانی ئاسایش و تێڕوانین بۆ چەمکی ئاسایش و لەسەر ئاستی

* ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی ماستەرنامەیە.

ئاسۆیی و ستوونی، گەشەکردنێکی گەورەی لە بواری زانستە سیاسییەکان بەخۆوە بینی و بۆیە لێکۆڵینەوەکان تەنیا کورت نەکرابوونەوە لە سەرچەمکە کلاسیکییەکانی وەکوو: (هێز، بەرژەوەندی، دەوڵەت وەکوو تاکە کاراکتەری ململانێ، سەرچاوەکانی هەڕەشە). لەم میانەدا قوتابخانەی کۆپنهاگن بە پێی هەڵومەرجی باوی سەردەم و هەڵومەرجی باوی ناوخۆی کۆمەڵگا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ پرسەکانی ئاسایش خستە ڕوو کە شێکردنەوەی نوێ بۆ هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان هەیە، ئەم قوتابخانەیە جگە لە کەرتی سەربازی چوار کەرتی تری وەکو کەرتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت، کە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی ئاسایش لەگەڵ بوارەکانی (سیاسی، ئابوری، کومەڵگەیی و ژینگەیی)، و جەخت لەسەر پێویستی بە شیکارییەکی فرە ڕەهەندی ئاڵنگارییەکانی ئاسایش دەکاتەوە ئەمەش ڕێخوشکەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی فراوانتر لە دیاردە ئاسایشییەکان، و دانانی پلان و ستراتیژ بۆ ڕێگریکردن لە هەڕەشەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بگیرێتەبەر، لەم ڕوانگەیەوە ساڵی ٢٠٠٣ دەستپێکی قوناغێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای پەسەندکردنی دەستوری نوێی بۆ عێراق و دانپێدانی فیدراڵی بە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ کە هاوشێوەی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ ڕەفتاری کردووە لە گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی دا. ئەگەر چی خاوەنی سیستەمێکی فرەلایەنی حزبیە بەڵام بەهۆی ناکوکی و ململانێی نێوان حزبەکانی بەشدار لە حکومەت، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نەیتوانیوە لەڕووی کرداریەوە دەسەڵاتی خۆیی لە گشت پارێزگاکانی هەرێم بسەپێنێ، هەروەها کەموکوڕی و لاوازی دامەزراوە نیشتمانییەکانی وەکو هێزە ئەمنییەکان و فرەچەشن نەکردنی سەرچاوەکانی داهات و بوارەکانی تری ئاسایشی، ناسەقامگیری و بێ متمانەیی لە نێوان هاوڵاتی و حکومەت لێ دەکەوێتەوە کە لە ئەنجامدا لێکەوتەکانی ململانێی توندی حزبی بۆتە پرسێکی ئاسایشی کە هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی ئاساییش کردووەتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە ڕوانگەی تیۆری قوتابخانەی ئاسایشی کۆپنهاگن تەنیا خوێندنەوە لە بواری سەربازی بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان ناکرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا کارلێکی گشت کەرتەکانی ئاسایشی جگە لە ئاڵنگاری ومەترسییە ناوخۆییەکانم خستووتەروو بە پێی کەرتەکان(سیاسی، ئابووری، کۆمەڵکەیی، ژینگەیی)، هاوکات کارلێکی کەرتەکانم لە سەر یەک تاوتوێ کردووە کە دووبارە ئاڵنگاری تری خۆلقاندووە کە هەر یەکێکیان مەترسییان کەمتر نییە لە کەرتی سەربازی.

**ئامانجی توێژینەوە:**

بە شیکردنەوەی ئالنگارییە ئاسایشییەکان لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی قوتابخانەی ئاسایشی کۆپنهاگن، پرسە ئاسایشییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و کاریگەری هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر ڕەهەند و کەرتەکانی ئاسایشی هەرێم تاوتوێ دەکەین و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین. هەروەها بە شێوەیەکی زانستی دەستنیشانی خاڵە لاوازەکان و مەترسییەکان دەکەین بۆ فەراهەم کردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

**کێشەی توێژینەوە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە: لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئاسایشی کوپنهاگنەوە هەڕەشە و ئالنگارییە سەرەکییەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان-عێراق لەکەرتەکانی ''سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵگەیی و ژینگەیی'' کامانەن؟ و چۆن دەتوانین دۆخی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان شیبکەینەوە؟

**پرسیاری لاوەکی:**

**گریمانەی توێژینەوە:**

ئەو دۆخە (سیاسی، سەربازی، ئابوورییە) کە لە ناوخۆی هەرێم هەیە بەهۆی ناکوکی و ململانێ سیاسی لە نێوان پارتە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، و گوشارەکانی بەغدا لە بڕینی بودجە و مووچە، کاریگەری قووڵی لە سەر ئاسایشی هەرێم داناوە و دۆخیکی نائاسایشی بۆ هەریم دروست کردووە،حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەیتوانیوە وەکوو پێویست هەموو پرسە ئاسایشییەکان چارەسەر بکات.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی چۆنایەتی وەرگرتەوە، ولە ناو میتۆدی چۆنایەتیش سوودم لە ڕێبازی ''شیکاری ناوەرۆک'' وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی دەق و زانیارییەکان، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان سوود لە سەرچاوەکانی توێژینەوەی زانستی و کتێبخانە و ئینتەرنێت و گۆڤاری زانستی وەرگیراوە.و لە ڕووی تیۆریشەوە سوود لە قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش وەرگیراوە بۆ ش پرسی کەرتەکانی ئاسایشی لە هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەک وێنا کراوە؟ مامەڵەی هەرێم بەرامبەر ئەم پرس و ئالنگارییانە بە چ شێوەیەک بووە؟ و ئەم پرسانە چ کاریگەرییان لە سەر یەکتر و بە تایبەت ئاسایشی هەرێم هەبووە؟یکردنەوەی چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایش.

## ١- چوارچێوەی تیۆری

### ١-١- قوتابخانەی ئاسایشی کۆپنهاگن(The Copenhagen School of Security Studies)

سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە بۆ مشتومڕێک لە توێژینەوە ئاسایشییەکان و سیاسییەکان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە نێوان فراوانکەرەکان (Wideners) و نەریتخوازەکاندا (Traditionalists) دەگەڕێتەوە. فراوانکەرەکان جەختیان لەسەر فراوانکردنی بواری توێژینەوەی ئاسایشی دەکردەوە کە لە چوارچێوەی هەڕەشە سەربازییەکان و هەروەها ناوەندییەتی 'دەوڵەت' نەمێنێ، بەجۆرێک کە ئەکتەرەکانی دیکەی بواری ئاسایشی لەخۆبگرێت، لەوانەش؛ تاکەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پرسەکانی تری وەک (ئابووری و ژینگە)ی. لەبەرامبەردا، نەریتخوازەکان جەختیان لەسەر ڕەهەندی 'سەربازی و دەوڵەت' دەکرد، بۆیە پێیان وابوو کە تێگەیشتنی فراوان لە ئاسایش بەو مانایەیە کە هەموو پرسێک بە ئاسایشی دەکرێت، ئەمەش ئاسایش لە مانا بەتاڵ دەکات و یەکگرتوویی زانستەکەی دەخاتە مەترسییەوە. لە دۆخێکی وادا قوتابخانەی کۆپنهاگن وەک ڕێگای سێیەم سەرهەڵدەدات، کە لەلایەک نایەوێت هەموو پرسەکان بەئاسایشی بکرێن و لە لایەکی دیکەشەوە، نایەوێت لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان تەنیا تایبەت بن بە بواری سەربازی و ناوەندییەتی دەوڵەت. لێرەدا پێویست بوو ڕوانگەیەکی ناوەڕاست بخرێتەڕوو کە هەردوو چەمکی هێز و ئاشتی لەخۆبگرێت وەک باشترین پێناسە بۆ چەمکی ئاسایش.1

باری بۆزان (Barry Bozan)*، کە بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت لە بواری توێژینەوەکانی ئاشتی کە ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەیەکەوە گرێدا.2 بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٨٣ کتێبی بەناوبانگی (خەڵک، دەوڵەتان و ترس)3 ی بڵاوکردەوە کە بە گرنگترین بەرهەمە تیۆرییەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بواری ئاسایشیدا دادەنرێت، کە گرنگییەکی تایبەت دەدات بە دەستەبەر کردنی ئاشتی بەبێ بەکارهێنانی چەک.4

ئەم قوتابخانەیە ڕەهەندەکانی ئاسایش لە پێنج ڕەهەندی سەربازی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵگەیی و ژینگەییدا فراوانتر دەکات، کە دەتوانرێت وەک کاردانەوەیەک بۆ تێڕوانینی ڕیالیستەکان و لیبراڵەکان بۆ ئاسایش سەیر بکرێت. چونکە بە

---

1 رسول زارع زاده ابرقویی، نگاه کپنهاگی به امنیتی سازی: مبانی و چالش ها، فصلنامه افاق امنیت، سال دهم، شماره سی و ششم، پاییز ١٣٩٦، ص: ٩٣.

*باری بوزان (Barry Buzan): زانای بەریتانی لەدایکبووی ١٩٤٦/٤/٢٨ی لەندەن، پرۆفیسۆر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یەکێک لە بیرمەندە دیارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن کە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دایانمەزراند، ئەم قوتابخانەیە دیدگایەکی نوێی بۆ ئاسایش هێنایە کایەوە. مامۆستای زانکۆ بوو لە زانکۆی کۆپنهاگن، و خاوەنی بیرۆکەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی بوو لەگەڵ هاوکارەکەی ئۆلی ویڤەر، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Barry Buzan (born April 28, 1946), American historian, university professor | World Biographical Encyclopedia

2 توفیق بوستی، مدرسه کوپنهاغن، نحو توسیع و تعمیق مفهوم الأمن، موقع المصری للدراسات، ٢٠١٩، ص٢٣.

3 - See: Barry Buzan, People, States & Fear: The National Security Problem in International Relations (London: Wheatsheaf Books, 1983), 262pp.

4عبداله قنبرلو، امنیت ملی مفهوم، تئوری و عمل، فصلنامه علمی-تخصصی، سال اول، شماره: اول، بهار١٣٩٧(٢٠١٨)، ص: ٥٣.

پێچەوانەی بۆچوونەکانی ڕێبازەکانی پێشوو سەبارەت بە ئاسایش، کە وەک بابەتی (ماددی) لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لە ڕوانگەی بۆزانەوە "ئاسایش پرسێکی نێوان زەینەکانە(intersubjective) و لەسەر بنەمای بڕیاری ئەکتەرەکان دەبێت". بەم شێوەیە ڕەنگە تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ئاسایش لەلایەن ئەکتەرە جیاوازەکانەوە هەبێت. لە لایەکی دیکەوە، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئەوانی دیکە سەبارەت بە ئاسایشی پرسێک لەلایەن ئەکتەرێکەوە دەبێتە شتێکی گرنگ؛ چونکە هەڵسەنگاندنیان لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر بڕیاردان و وەڵامەکانیان دەبێت.5

١- ٢- بنەماکانی قوتابخانەی ئاسایشی کۆپنهاگن

ئایدیای سەرەکی ئەو قوتابخانەیە بریتییە لە چۆنییەتی کارکردنی ئاسایش لە جیهانی سیاسەتدا. کارە سەرەکییەکانی بریتین لە تیۆری "بە ئاسایشیکردن" و"نائاسایشیکردن"، و سێکتەرەکانی ئاسایش"سەربازی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی"، هەروەها تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی.6

١-٢-١- بە ئاسایشیکردن (Securitization)

پرۆسەی بەئاسایشی کردن بە کۆمەڵێک شێواز و ڕێشوێنی تایبەت ئەنجام دەدرێت، خەسڵەتێکە دەوڵەت و ئەکتەرە سیاسییە ئاسایشخوازەکان پشتی پێدەبەستن، تاوەکوو پرسێک بکەن بە پرسێکی ئاسایشی، ئەوەیە کە "زمانی ئاسایش بە کار دەهێنن، پرسێک بە ئاسایشیدەکەن، کاتێک وەک هەڕەشەیەکی بەپەلە لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو دەبیینن، کە ئەو ئامانجە دەشێت دەوڵەت، هەرێم، کۆمەڵگە یان گرووپێکی دیاریکراو بێت".7

١-٢-٢- تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی(Regional Security Complex Theory)

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە کۆتایهاتنی شەڕی سارد(١٩٤٧-١٩٩١) سەرەتای نائاسایشییە بەربڵاوەکان بووە کە ڕەگ و ڕیشەی لە سنووردارنبوونی قوتابخانە ڕیالیستەکاندا هەیە، واتە قوتابخانەی ڕیالیستی دەوڵەت بە تاکە ئەکتەر و سەرچاوەی ئاسایش دەزانێت و قوتابخانەی جیهانگەراییش، سیستەمی نێودەوڵەتی بە تاکە فاکتەری ئاسایش دەزانێت، ببووە هۆکاری پشتگوێ خستنی ناوەندی گەشەسەندنی بزووتنەوە سەرەکییەکانی هەرێمەکان. بۆیە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی دروست لە سروشت و چارەنووسی ئاسایش دەستەبەر بکەین، پێویستە گرنگی بە پێکهاتەی ناوچەکە و تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتانە بدرێت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەڵکەوتوون و کێشەی ئاسایشی هاوشێوەیان هەیە. بە بڕوای "بۆزان و وەیڤەر"، ئایندەی سیستەمی نێودەوڵەتی بەندە بە شێوازی دەسەڵات لەسەر ئاستی هەرێمایەتییەکاندا، بۆیە هەر ئەم هەرێمانەن کە سیستەمی هێز پێکدەهێنن، دەبێ تێگەیشتنێکی فراوانترمان هەبێت لە سەر ئاستی ئاسایشی هەرێمایەتی، لەبەر ئەوەی پرسە ئاسایشییەکانی وڵاتان هێندە تێکەڵاون کە ناتوانرێت بە جیا شیکاری بۆ بکرێت.8

باری بۆزان" دوو تایبەتمەندی بۆ پێناسەکردن و دیاریکردنی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی پێشبینی دەکات؛ یەکەمیان بوونی تۆڕێکی پەیوەندی ئاسایشی لە نێوان یەکە سیاسییەکان و دووەمیان بوونی نزیکیی جوگرافی لەنێوان ئەندامانی ئەو

---

5 علی عبدالله خانی، نظریه های امنیت، تهران، مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر، ١٣٩٢(٢٠١٣)، ص: ١٣٦-١٣٧.

6کامەران محمد عزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەسەردەمی نادڵنیای دا، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە بەشی زانستە سیاسییەکان، زانکوی سەلاحەدین، ساڵ: ٢٠١٥، ل: ١٣٢.

7.Barry Buzan, et al. Security: A New Framework for Analysis, (Boulder, Colorado: Lynne Rienner, 1998), P.26.

8 نبی الله ابراهیمی، تاملی بر مبانی و فرهنگ مکتب کپنهاگ، فصلنامه سیاست خارجی، سال٢١، شماره: ٢، تابستان١٣٨٦(٢٠٠٧)، ص: ٤٥٠.

گروپەدا. خاڵی گرنگتر، بوونی نەخشەی پەیوەندییە ئاسایشییەکانە لە نێوان ئەندامەکاندا، کە ئاسایشی هەر ئەکتەرێک لە هەرێمەکەدا ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ئەکتەرەکانی دیکەی هەمان هەرێم.1

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی بوونی شێوازی دۆستایەتی و دوژمنایەتی نێوان دەوڵەتەکانە، مەبەستی لە دۆستایەتیی؛ دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان مەودای بەرفراوان لە دۆستایەتی ڕاستەقینەوە تا چاوەڕوانی پشتیوانی و پاراستن لەخۆدەگرێت. دوژمنایەتی؛ ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان یەکەکان کە گومان و ترس تێیدا زاڵن. ئەم شێوازانە بریتین لە ناکۆکی سنورییەکان، یەکخستنی ئایدیۆلۆژی و پەیوەندییە مێژووییەکان.2 ئەم ناونیشانە هەم سروشتی ئاسایشیی کۆمەڵەیە، و هەم بیرۆکەی وابەستەیی جددی لە نێوان ئەندامەکاندا لەخۆدەگرێت، واتە وابەستەیی یەکتر لە کێبڕکێ و هەروەها بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا دەگەیەنێت.3

١-٢-٣- کەرتەکانی ئاسایش بە پێی بنەماکانی قوتابخانەی کۆپێنهاگن(five sectors of security)

١-٢-٣-١- کەرتی سەربازی

ڕەهەندی سەربازی کلاسیکترین تێگەیشتنە لە چەمکی ئاسایش کە لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا گرنگی پێدەدرا. لە ڕووی پێکهاتەی دوو جەمسەری و ڕکابەریی نێوان ئەو دوو بلۆکە "ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت" لە دوای جەنگی ساردەوە، گرنگی ئەم ڕەهەندە کەم نەبووە، لە ڕوانگەی گشتی هەڕەشە سەربازییەکان، پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە کە دەتوانێت هەڕەشە لە هەموو بەشەکانی دەوڵەت بکات.4

دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی دەرەکی و ناوخۆیی، دەبێت خاوەن توانای سەربازی بێت لە ناوخۆش بتوانێت ڕووبەرووی تیرۆریستەکان و کەسانێك ببێتەوە کە پلانی کودەتا یان شۆڕش و ڕاپەرین بکەن، ئەمەش پەیوندی بە تەکنەلۆجیای سەربازی و دامەزراوەیی ئاسایشی و توانای ئابوری باش هەیە یاخود لە ئاستی دەرەوە بە ڕێککەوتن و هاوکاری و پەیماننامەی سەربازی ئەم کارە دەکرێت، لە ڕوانگەی باری بۆزان و هاوکارەکانی، ڕەهەندی سەربازی و سیاسی پەیوەندی توندوتوڵیان بە یەکەوە هەیە، بەم مانایەی کە جۆری سیستەمی سیاسی دەستنیشانی ڕۆڵی هێزی سەربازی دەکات لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییە کانی ناوەوە و دەرەوەدا.5

١-٢-٣-٢- کەرتی سیاسی

بە بڕوای باری بۆزان، مەترسییە سیاسییەکان لە نێو هەموو هەڕەشەکان بۆ سەر دەوڵەت، مەترسیدارترن، چونکە فەلسەفەی وجودیی حکومەت، کە بریتییە لە "بیرۆکە، ئایدۆلۆژیا، شوناس و دامودەزگاکانی حکومەت" هەڕەشەی لەسەرە، و دوو جۆری جیاوازی هەڕەشە لە ئاسایشی سیاسیدا دەستنیشان دەکات، یەکەم: هەڕەشەی سیاسی بریتییە لە ڕەوایەتیی ناوخۆی یەکە سیاسییەکان، کە پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیا و پرسی پێناسەکردنی دەوڵەت هەیە، دووەم: تێگەیشتنە

---

1 حسین احسانی، لێکەوتەکانی سەربەخویی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی، وەرگێڕانی: محمەد کەریمخان، چاپخانەی دانیشفەر، ساڵی٢٠٢٢، ل: ٨٣.

2 علیرضا سهرابی نور و دیگران، گاپ و تحویل پذیری الگوی همکاری-رقابت در چارچوب رژیم هیدرو پلیتیک حوضه آبریز دیجله و فرات، فصلنامه مطالعات سیاست بین الملل، دوره٢، شماره: ٣، پاییز١٤٠١(٢٠٢٢)، ص: ١٣٤.

3 زوبیر رسول ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان(تورکیا، ئیران، سووریا، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا، ڕوسیا، چین)، نوسینگەی تەفسیر، ٢٠٢٤، ل:٢٠.

4حسنعلی احمدی فشارکی و یاسر اسماعیل زاده امامقلی،داعش و امنیت ایران با تکیه برمکتب کپنهاگ، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال پنجم، شماره١٨، پاییز١٣٩٥(٢٠١٦)، ص١٣٠.

5نەجات علی صالح، دیموکراسی وەک ڕەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن، چاپخانەی موکریانی، ٢٠١٤، ل: ١٢٠.

لە سیاسەتی دەرەکی حکومەت و ڕەوایەتیی دەرەکییە، هەرچەرندە مەرج نییە لە دەرەوە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە سەروەری دەوڵەت بکات، بەڵام دەتوانێت پایە ناوخۆییەکان و ڕەوایەتی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت بکاتە ئامانج 1.

مەبەست لە ئاسایشی سیاسی، سەقامگیری ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و ڕەوایەتی سیستەمە سیاسییەکانە. کە ڕەوایەتی هەر سیستەمێکی سیاسی پەیوەستە بە ڕەزامەندی و متمانەی هاوڵاتیانەوە، بە پێچەوانەوە سەپاندنی سیاسەتیکی دیاریکراو لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی دۆخێکی نائاسایشی و نائارامی لە کۆمەڵگادا لێدەکەوێتەوە2.

١-٢-٣-٣- کەرتی کۆمەڵگەیی

ئاسایشی کۆمەڵگەیی پەیوەستە بە تواناکانی کۆمەڵگەکان لە پاراستن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی زمان، کلتوور، ناسنامە و شوناسی کۆمەڵگا. ئەو پرۆسەیە دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ هەل و مەرجە ئاساییەکانی گۆڕانکاری و پەرەسەندن لەسەر ناسنامەی هەر گرووپێک.3 " ئۆلێ وەیڤەر" *ناسنامە وەک چەمکێکی ئاشکرای ئاسایشی کۆمەڵگەیی دەزانێت و پێیوایە ئاسایشی کۆمەڵگەیی کاتێک سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگا هەست بە هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەکەی بکات، ئاسایشی کۆمەڵگەیی پرسێکی ناسنامەییە و گوزارشت لە گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگەیی یان نا-ئاسایشی دەکات، واتە ئەو بارودۆخانە کە گروپە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا هەست بکەن کە ناسنامەیان لە مەترسیدایە بەهۆی کۆچکردن، فرەچەشنی یان ئیمپریالیزمی کولتوورییەوە، بۆیە هەوڵی بەرگریکردن لە خۆیان دەدەن کە دەتوانێت مەترسی بێت بۆ سەر دەوڵەت.4

هەر فاکتەرو دیاردەیەک هەستی سەربەخۆیی و یەکڕیزی ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان تێکبدات، هەرەشەیە بۆ سەر ناسنامە و بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی دادەنرێت. هەر لەبەر ئەمەشە باری بۆزان چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی بە هاوواتای 'ئاسایشی ناسنامە'(Identity security) دەزانێت و تا ئاستی دەوڵەت بەرزی دەکاتەوە و دەتوانێت سەربەخۆ لە دەوڵەت بوونی هەبێت.5

١-٢-٣-٤- کەرتی ئابووری

(باری بۆزان و ئۆلی وێفەر) چەند هەلۆمەرج و بابەتێک دەستنیشان دەکەن کە خەمێکی گرنگی ئاسایشی ئابوورییە، یەکێک لەوانە بریتییە لە "توانای دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی ئابووری، تاوەکوو ببێتە ژێرخانێک بۆ بونیادنانی سوپایەکی بەهێز و خۆشگوزەرانی ژیانی تاک، هەروەها بەستنەوەی ئابووری دەوڵەت بە بازاڕی جیهانی،

---

1مهرداد علەپور و دیگران، مکتب کپنهاگ به مثابه چارچوب تحلیلي همکاري هاي سیاسي امنيتي تهران/ دمشق (٢٠١١-٢٠٢٠)، فضلنامه پژوهش های حفاظتی-امنیتی، دانشگاه جامع امام حسین، سال هشتم، شماره: ٣١، پاییز١٣٩٨(٢٠١٩)، ص: ١٥٤.

2هادی عباسی زاده و کامران کرمی، سرمایه اجتماعی و امنیت ملی پایدار، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهاردهم، شماره اول، بهار١٣٩٠، ص: ٤٥.

3 باری بوزان، مردم-دولت ها و هراس، ترجمه پژوهشکده مطالعات راهبردی، پژوهشکده مطالعات و راهبردی، سال١٣٨٩(٢٠١٠)، ص:١٣٣

* ئولی وەیڤەر: یەکێکە لە بیریارەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، لە دایکبووی (1960/9/17)، پرۆفیسورە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەیڤەر ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە فراوانکردن و خستنەڕووی پرسی بە ئاسایشکردن ، کە دواتر پرسەکە بووە جێی بایەخی لێکولەرانی بواری ئاسایش. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:https://wikibioall.com/ole-waever-wiki-networth-ag/

4منیره نویدنیا، معمای امنیت اجتماعی، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال ششم، شماره نوزدهم، بهار١٣٨٣(٢٠٠٤)، ص: ٦٢.

5دیوید موتیمر، فراسوی استراتیژی: اندیشه انتقادی و مطالعات امنیتی نوین، مترجم: محمود عسکری، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهارم، شماره سوم، پاییز١٣٨٠(٢٠٠١)، ص: ٣٨٨.

ڕێگریکردن لە نایەکسانی ئابووری و ئەو ترسەی بازاری جیهانی دروستی دەکات".1 ئەجیندای ئاسایشی ئابوری بە هۆی گۆڕانگارییەکان چەندین پرس لە خۆدەگرێت بۆ نموونە:2

ا-توانایی دەوڵەت لە پاراستنی سەربەخۆیی بەرهەمهێنانی سەربازی لە ئاستی بازاری جیهانی. ب- ئەگەرەکانی لاوازبوونی ئاسایشی ئابوری بە هۆی وابەستەیی بە سەرچاوە و بازاری جیهانی و خستنەڕوو (بەتایبەتی ووزە) وبەکارهێنانی لە بواری سیاسی. ج- مەترسییەکانی بازاری جیهانی بۆ لە دەستدانی هەژموونی ئابووری و قەیرانەکانی پەراوێزکەوتن و قەرزی دەرەکی و وڵاتانی گەشەنەسەندوو و لە ئاستی ناوخۆییش بێکاری و پەرەسەندنی جەمسەربەندییە کۆمەڵایەتییەکان. د- بازرگانی نایاسایی بەتایبەتی مادەی هۆشبەر و چەك لە لایەن گروپ و رێکخراوە تاوانکارییەکان و بازرگانی تە کنەلوژیا و چەکە کۆمەڵکوژەکان و گوشار لە سەر ژینگەی جیهانی بەهۆی پەرەسەندنی پیشەسازی و بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان. ه- مەترسییەکانی قەیرانی ئابوری لە ئاستی جیهانی و داڕوخان و تێکچونی سیستەمی دارایی و ئابوری نێودەوڵەتی.

۱-۲-۳-۵- کەرتی ژینگەیی

بە بڕوای (ئۆلی وەیڤەر) ئاسایشی ژینگەیی بە شێوەیەکی سەرەکی و بەردەوام مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک نیگەرانی ئاسایش دەکات، وەکوو تێکچوونی سیستەمی ژینگەیی، بۆ نموونە: گۆڕانی کەشوهەوا، نەمانی فرەچەشنی سەرچاوەکانی ژیان، نەهێشتنی دارستان، بە بیابان بوون، کێشەکانی کەمبوونەوەی وزە سروشتییەکان، پیسبوون، کێشەی زیادبوونی دانیشتووان، کەمبوونەوەی خۆراک و زیادبوونی برسییەتی، هەموو ئەمانە لە هەموو کاتێک بابەتی بە وئاسایشکردن نین، بەڵام لە ئەجێندای ئاسایشی ژینگەیی دان و لەم چاوچێوەیەدا تەماشا دەکرد.3

هەڕەشەی ژینگەیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، وەک هەڕەشەی سەربازی و ئابوری، زیان بە سەرچاوەکانی ماددی حکومەت دەگەیەنێت و لەوانەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە هەڕەشە لە پڕوژەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی بکات.4

لەم بەشەدا بە سود وەرگرتن لەم تیۆرە و تێروانینی بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، تیشک دەخەینە سەر هەڕەشە و ئاڵنگارییەکانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە ڕووی (سیاسی، ئابوری، سەربازی، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی) و کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی هەرێم.

## ٢- ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

### ٢-١- ئاڵنگارییە سیاسییەکان

دیدگەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لەسەر پرسگەلێکی سیاسی و کارگێڕی بەدی ناکرێت، ناکۆکییەکانی نێوان حزبەکانی بەشدار لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، کە هۆکاری سەرەکیی گرفتە ناوخۆییەکانن، لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و توانا ئابووری و دارایی و سەربازی، ناکۆکییەکانیش تا ئێستا بەردەوامە، بۆیە نەبوونی یەکگرتوویی گوتاری هاوبەش هەڕەشەیە لەسەر گشت

---

1 Barry Buzan, et al. Security: A New Framework for Analysis, (Boulder, Colorado: Lynne Rienner, 1998), P.98.

2 صالح عمر عیسى و پەرویز رەحیم قادر، ئاسایشی ئابووری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نمونە، گوڤاری قەلای زانست، زانکوی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، بەرگی شەش، ژمارە: ٤، پاییزی ٢٠٢١، ل: ١٥٥.

3 Barry Buzan, et al. Security: A New Framework for Analysis, (Boulder, Colorado: Lynne Rienner, 1998), P.75

4باری بوزان، مردم-دولت ها و هراس، ترجمه پژوهشكده مطالعات راهبردى، پژوهشکده مطالعات و راهبردی، سال١٣٨٩(٢٠١٠)، ص: ١٥٦.

سێکتەرەکانی ئاسایشی هەرێم لە بوارەکانی (سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەیی و ژینگەیی و ئابووری)، کە لەم بەشەدا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن تیشکیان دەخەینە سەر و دەستنیشانی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان دەکەین.

هەڕەشەی سیاسی بە ئامانجگرتنی سەقامگیری دامەزراوەیی حکومەتە، مەبەست لەم هەڕەشەیە جیاوازە لە فشارخستنە سەر حکومەت لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو تا دەگاتە ڕووخاندنی حکومەت و هاندانی جوداخوازی و تێکدانی پەیکەری سیاسی دەوڵەت بۆ لاوازکردنی پێش دەستدرێژی سەربازی بنەماکانی دەوڵەت، بەتایبەتی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەو ئایدۆلۆژیایە کە ڕێکخەر و ڕەنگدانەوەی دامەزراوەکانە، ئامانجی هاوبەشی هەڕەشە سیاسییەکانن بەو پێیەی دەوڵەت لە بنەڕەتدا قەوارەیەکی سیاسییە، هەڕەشەی سیاسی دەتوانێت بە هەمان شێوەی هەڕەشەی سەربازی ترسناک بێت، بەتایبەتی کاتێک لاواز بێت بە پێچەوانەشەوە ڕاستە کاتێک دەوڵەت بەهێز بێت، هەڕەشەی سیاسی دەتوانێت جێگەی نیگەرانی بێت.1

٢-١-١- ململانێی هێزە سیاسییەکان

ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو گەورەترین پارتی سیاسی هەرێمی کوردستان(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە جەنگی ناوخۆیی یان ململانێ و ڕێککەوتنی ستراتیژی و دوو قۆڵییان، سەرچاوەی زۆربەی گرفتەکان و جوڵێنەری گرنگترین ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی هەرێم، هەر لە دابەشکردنی بڕیاری سیاسی، دەسەڵات وە سەرچاوە داراییەکانەوە تا دوولەتکردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆک لە سایەی جۆرێک لە دوو ئیدارەی شاراوەدا. هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم ناکۆکییەش تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەری قووڵبوونەوەشی مە ترسیدارترە بە تایبەت لە بواری نەبوونی دیدەکی ئیستراتیجی هاوبەش بۆ سیاسەت و ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان..2

دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی، هەر لە سەرەتای یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی کێشەی گەورەیی بونیادی بوونەوە، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان یەکێتی و پارتی، لێکەوتەی زۆر خراپی لەسەر ڕەوشی هەرێم هەبوو بە گشتی، دابەشبوونی هەرێم بە سەر دوو زوونی دەسەڵاتدارێتیدا، لە هەموو ڕوویەکەوە (سیاسی، ئابووری، کارگێری) پاشەکشەیەکی گەورەی لە بەرەو پێشبردنی هەرێمی کوردستان هەبوو بەئاقارێکی زۆر نێگەتیڤدا، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، لە بڕی چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی، ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی و تواناداركردنی دامەزراوە فەرمییەکان، بنیادنانی ژێرخانێکی بەهێز، ڕێگەدان بە ئازادی کارکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەستان بە کۆنترۆڵکردنی کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ چەسپاندنی هەژموون و ستراتیژی حزبی.3 بەهۆی بوونی کاریگەری دوو دەسەڵاتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تا ئێستا حکومەتێکی یەکگرتووی تەواو لەم هەرێمەدا دروست نەبووە و هەریەک لەو دوو پارتە، بیر لە بەرژەوەندی وکاریگەری زیاتر دەکەنەوە لە ناوچەکانی خۆیاندا.4

بۆیە ئەم پەیوەندییە نا تەندروستە، بەربەستە لە بنیادنانی دەسەڵاتی دامەزراوەیی، و سەرچاوەی سەرەکی گەشە نەکردنی ژیانی دامەزراوەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە، دامەزراوەی پەرلەمان ئێستا لە قەیراندایە و پارتەکان هەژموونیان

---

1باری بوزان، مردم، دولت ها و هراس، مترجم: محمد علی قاسمی، پژوهشکده مطالعات راهبردی، (٢٠٢٠)١٣٩٩، ص: ١٢٩.

2یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا؛گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، گۆڤاری ڕانانی ئایندەیی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٧،سلێمانی،ئابی ٢٠٢٠، ل2.

3یاسین ئاشوور جەوهەر، پرسی ریفۆڕمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩-٢٠١٨) لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی -شیکارییە، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی جوگرافیا، ٦ جوزەیرانی ٢٠٢٢، ل٨٦.

4جهانبخش مرادی، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤.

بە سەرەوە هەیە، و لە ڕەوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە ڕەفتار دەکەن، کەواتە قەیرانی سیاسی هەیە و ئەو قەیرانەش بەر لەوەی لە حکومەت دابێت لەناو پەرلەماندایە و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.1

لە لایەکی ترەوە ئەگەرەکانی دواخستنی پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێ کردنی خواست و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لە لایەک پارتە سیاسییەکان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی گەورە بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک، لە لایەکی تر مەترسییەکی سیاسی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆ دروست دەکات کە ڕەوایەتی هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت و کاریگەری لەسەر ئەدای حکومەت دەبێت، سەرەڕای بوونی مەترسی لە تێکدانی هاوسەنگی هێز و ناکۆکی و کێبرکێی پێکهێنانی حکومەت وە داواکاری لایەنەکان لە لیستی براوە بۆ پشکی لە کابینەی نوێدا، ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتەکانی تر وەک (ئابووری، کۆمەڵایەتی) دەبێت.2 ئەم ناکۆکییە جگە لە ئاستی ناوخۆ، لە ئاستی نێودەوڵەتیش بووەتە هۆی پرسیار لای نوێنەرانی دیپلۆماسی وڵاتان، بە تایبەتی نوێنەری پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان (جێنین پلاسخارد) لە عێراق، کە لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان لە هەولێر لە ٢٠٢١/٥/١٩ ووتبوی، کە ملمڵانێ نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان.3 لێرەوە لە ڕوانگەی (باری بۆزان)، ئەگەر حکومەت و سیستەمی سیاسی نەتوانن یەکانگیری و یەکپارچەیی خاک و نەتەوە بپارێزێت، ئەوە ئاسایشی ئەو دەوڵەتە دەکەوێتە مەترسییەکی قوڵ کە هەڕەشە لە مانەوەشی دەکات.4

٢-١-٢- ململانێ سیاسی و نەبوونی سەقامگیری

لاوازبوونی متمانەی هاونیشتمانییان بە حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی و کۆی پرۆسەی سیاسی، تەنانەت تا ئەو ئاستەش کە هەندێک کەس نەک لەبەر خراپی خۆیان بەڵکوو لەبەر بێ متمانەیی و بێزارییان خوازیاری نەمانی هەرێمیش بن، ئاڵنگارییەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئاسایشی نیشتمانیمان.5

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان لە مانەوە و یەکپارچەیی و بەهێز کردنی قەوارەی دەستوریی هەرێمی کوردستان، بنیادنانی کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا یاسا سەروەر بێت، و ترس و ململانێ نەمێنێت، و ژیانێکی پڕ لە ئاسودەیی و کۆمەڵایەتی فەراهەم بکرێت.6 بەڵام دەبینین دوژمنسازی دەرحەق بە دەسەڵات دەکرێت، کە مەبەست لێی، بەرنامەدارێژییە بۆ دروستکردنی کولتوورێک لە نێو کۆمەڵگا بە مەبەستی دژایەتی کردنی دەسەڵات، تێکدانی سەقامگیری سیاسی، ئابووری و دروستکردنی گرژی کۆمەڵایەتی، کە لە ئەنجامدا هەوڵدانە بۆ تێکدانی بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.7

ناکۆکییە سیاسییەکان لەناو هەموو کایەکان کاریگەری خستۆتە سەر سەقامگیری سیاسی و ڕەوایەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەمەش نەک لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن کە نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەستێت بەڵکو لە لایەن پارتەکانی بەشدار کە ئامادە نین پاڵپشتی ئەو حکومەتە بکەن کە خۆیان پێکیانهێناوە و خۆیان لە دەستێوردان حزبی بپارێزن لە

---

1شێرزاد ئەمین نەجار، بارودۆخی نوێی نێودەوڵەتی و قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان،گۆڤاری ئەنستیتۆ، ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان، ژمارە ٢، ٢٠٢٣، ل٨-٩.

2پەرویز رەحیم قادر، ١٠ هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، ماڵپەری پێنوس، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/٥.

https://www.facebook.com/share/16GYgF9ofi

3گۆران فەتحی، پلاسخارت و بنبەستی سیاسی عێراق، ماڵپەری کوردستانی نوێ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/١٢، https://knwe.org/KU/ArticleDetails/51 2 .

4باری بۆزان، مردم.دولت ها.هراس، مترجم: محمد علی قاسم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩-١٣٠.

5نەزهەت حالی، دوایین دەرفەت بۆ سیاسییەکانمان،ماڵپەری هەرێم نیوز، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/٦، https://haremnews.com/wtar-detail.aspx?Jimare=6482 .

6سامان سورانی، بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوە و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری شروڤە، بەشی دیراسات و پێگەیاندنی (پارتی)، هەولێر، ژمارە ٣٦، ٢٠٢٤، ل٢٢.

7نەجدەت ئاکرەیی، ئاسایشی نەتەوەییمان و هاوکێشە ئالوزەکان بەرەو کوێ، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٢٠، ٢٠٢٠، ل٨١-٨٢.

کارو‌باری حکومەت کە وەک فاکتەرێکی سەرەکی بۆ لاواز بوونی حکومەت تائێستاش کاریگەر نەرێنی خۆی هەیە.1 لەم چوارچێوەیەدا، ناکۆکی و ململانێ نێوان حزبە باڵادەستەکانی هەرێم لە پێناو بەرژەوەندییان بە شێوەیەکە کە ناسەقامگیری سیاسی لێدەکەوێتەوە وە ناسەقامگیری سیاسیش ڕەوایەتی لە دەسەڵاتی سیاسی دەسێنێتەوە و قەیرانی بەشداری کردن لە پرۆسە سیاسییەکاندا دێنێتە کایەوە.2

ئاسایشی سیاسی پەیوەستە بە ڕەوایەتی دەوڵەت و بەشداری سیاسی، سەقامگیری ڕێکخراوەکان، ئاستی ڕەزامەندی هاوڵاتییان لە سیستەمەکانی دەسەڵاتداریەتی، بۆیە هەڕەشە سیاسییەکان سەقامگیری دەوڵەت دەکەنە ئامانج و بوونی نائارامی ناوخۆییش ڕێگا بۆ دەستێوەردانی دەرەکی خۆش دەکات.

٢-٢- ئاڵنگارییە ئابوورییەکان

مەترسی و هەڕەشەی ئابوورییەکان قورسترین و ئاڵۆزترین جۆری هەڕەشەکانن لە چوارچێوی ئاسایشی نیشتمانیدا بوونیان هەیە و پەیوندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان توانای ئابووری دەوڵەت و هێزی سەربازییەو، توانای سەربازی حکومەت پەیوستە بە توانای دابینکردنی کاڵا پێویستەکان، ستراتیژی و پشتیوانییەکان کە هێزە چەکدارەکان پێویستییانە.3 لێرەدا گرنگترین ئاڵنگارییە ئابوورییەکانی سەر سێکتەری ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان-عێراق، دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

٢-٢-١- گرێدراوی ئابووری بە یەک بەرهەمی سەرەکی ( ئابووری کرێخۆر)

ئابووری کرێخۆر (Rentier Economy)، ئەو ئابوورییە کە بۆ مانەوە و گەشەسەندنی ئابووریی، دەوڵەت پشت دەبەستێت بە فرۆشتنی سەرچاوە سروشتییەکانی وەکو (نەوت و گاز و کانزا گرانبەهاکانی تر) بە کۆمپانیا بیانییەکان و لەسەر ئەو داهاتانە دەژیت، لەم ڕوانگەیەوە ئابووری هەرێمی کوردستان جۆرێکی کرێخۆرە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە داهاتە نەوتییەکان.4 لە گەڵ ئەوەی کە نەوت سەرچاوەیەکی دارایی و ئابووری گرنگە و دەتوانێت ببێتە ببێتە هۆی پەرەسەندن و بوژانەوەی ئابووری وڵات، بەڵام پێویستی بە بەڕێوەبردنی باش هەیە، ئەو دەوڵەتەی تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات بەبەستێت ناتوانێت ئابوورییەکی پتەو و بە هێزی هەبێت، و هەمیشە ئابوورییەکی ناسەقامگیری دەبێت، دیارترین نمونە بۆ ئەمە هەرێمی کوردستانە.5 چونکە تەنیا پشت بەستن بە نەوت ئابوورییەکی ناجێگیر دروست دەکات، و هەر کاتێک نرخی نەوت دابەزی، وڵات تووشی قەیرانێکی قوڵی دارایی دەبێت و ئاسایشی ئابووری دەکەوێتە مەترسییەوە، و زۆربەی کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا تووشی زیانی گەورە دەکات.6

ئاسایشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک پەیوەست کراوە بە سیاسەتی نەوتەوە کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی ئابووری لە وڵات بوونی نەبێت، و لە هەمان کاتدا یەکسان کراوە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە پرسی نەوت بووە بە پرسێکی ئاسایشی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.7 چونکە

1کۆنفرانسی میری، بارودۆخی هەرێم وهۆکاری قەیران، ڕێگا چارەسەرەکان و پێشنیارەکان، ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تووژینەوە میری، هەولێر شوباتی ٢٠١٨ ، ل ٤

[2] هیوا مجید خلیل، کاریگەریی ڕای گشتی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، ٢٠٠٨، ل٩٦.

[3] باری بوزان، مردم، دولت ها و هراس، مترجم: محمد علی قاسمی، پژوهشکده مطالعات راهبردی، ١٣٩٩(٢٠٢٠)، لل ١٤٨-١٥١

[4] محمد رئوف سعید، لە دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ دەوڵەتی موڵکانەکرێ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٧، ل١٠٧.

[5] احمد اسماعیل قادر، تحلیل تجارب دولیه مختارة في الترکیز على تحلیل و تقیم عملیات خصخصه القطاع الصناعی في اقلیم کوردستان العراق للمده (١٩٩٧-٢٠٠٨)، رساله ماجستر، کلیه الادارة و الاقتصاد، جامعه السلیمانیه، ٢٠٠٩، ص٦٩.

[6] ساری ئەبوبەکر زەڵمی، فره چەشنە کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٤.

[7] کامران عزیز محمد، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٥، ل١٩٦.

پرسی نەوت پرسێکی سیاسییە زیاتر لە ئابووری، هەروەها پرسێکی ئابوورییە زیاتر لە یاسایی، واتا کاتێک باس لە یاسای نەوت دەکەین ناتوانین لە گەڵیدا باسی پرسی سیاسەت و ئابووری نەکەین، ئاسان نییە یاسا پرسی نەوت ڕێک بخات لە کاتێکدا ڕۆڵێکی کاریگەر هەیە لە شکست یان بەهێز کردن و لاواز کردنی پێگەی سیاسی دەوڵەت. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکوو ئێستا یاسایەکی گشتگیری تەواو نییە کە هەموو لایەنەکانی ئەم سێکتەرەی نەوت و گازی پێ ڕێک بخرێت.1

لە چوارچێوەی کێشەی سیاسی و یاساییەکاندا و دابەزینی نرخی نەوت و ناسەقامگیری سیاسی ناوخۆیی، کۆمەڵێک هەڕەشەی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، هەر بۆیە تەنیا پشتبەستن بە کەرتی نەوت (تاکسەرچاوەیی) وایکردووە کە لە هەر قەیرانێک داهاتی هەرێم دابەزێنێت و کاریگەری لەسەر دابینکردنی مووچە و کۆی سێکتەر و بوارەکانی تری ئاسایشی دادەنێت.2 پابەندبوون بە بڕیارەکانی ئۆپێک و ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، دوای ڕیفراندۆم، فاکتەرە تەکنیکی و جیۆلۆجییەکان، یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئاڵۆزی و ناڕوونی لەو سێکتەرە و گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی ئەم بوارە کۆمەڵێکن لەو ئاڵنگارییانەی کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی ئابووریی هەرێمی کوردستان، و تەنانەت کەرتەکانی تری ئاسایشیشی خستووەتە مەترسییەوە.3
بەرئەنجامە خراپەکانی بەتەنیا پشت بەستن بە داهاتی نەوت دەبێتە هۆکاری پۆکانەوەی کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، کەشەسەندنی کەرتی خزمەتگوزاری و هەڵاوسان و بێکاری.

2-2-2- پرسی گەندەڵی

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییە، و بە ڕێژەی جیاواز لە زۆرینەی کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسییەکان بوونی هەیە، دامەزراوەکانی وەکو ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی پێناسەی گەندەڵییان کردووە بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سەروەتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی.4 یەکێک لە هۆکارەکانی گەندەڵی لە هەرێم، دەرئەنجامی دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە تایبەتەیە کە لە نێوان ئابووری و سیاسەتدا هەیە، تایبەتمەندی سەرەکی ئەم پەیوەندییەش بریتییە لە بەکارهێنانی سیاسەت وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری، بەستنەوەی پێگەی سیاسییەکان بە توانای گرتنەدەستی پرۆژە ئابوورییەکانەوە کە لێکەوتەکانی ئەم تێکەڵبونەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی جیاکاری و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و بەم پێیەش بەرزبوونەوەی دیاردەی هەژاری و بێکاری و هەرەسی ژێرخانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.5 گەندەڵی هەڕەشە و هۆکاری سەرەکی دابەزینی متمانەی سیاسی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە لە نێوان گەندەڵی و متمانەی سیاسی و لە هەمان کاتدا گەندەڵیش دەرهاوێشتەی کولتووریی بێ متمانەییە، بۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان گەندەڵی و متمانەی سیاسی، لە هەرێمی کوردستان هەر کات گەندەڵی زیاد بکات بێ متمانەییش زیاد دەبێ و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.6
سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە قوڵی گیرۆدەی دەستێوەردانی حزبی و شەخسیە، یەکێک لە لێکەوتە خراپەکانی دەستێوەردانی حزبی لە کەرتی گشتیدا بریتییە، لە بە حزبی کردنی کەرتی گشتی و دەستێوەردان لە

---

[1] زاهیر مجید، ڕۆڵی کاریگەری نەوت لە سیاسەتدا، بازنەی گفتوگۆ، بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، ژمارە ٤، ٢٠٢٥، ل٩٩.

[2] صالح عمر، پەروێز رەحیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩-١٦٠.

3کارزان احمد عمر، ئالنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی ساڵی ٢٠١٤، نامەی ماستەر، زانکوی سلێمانی، کولێژی زانستە رامیارییەکان، ساڵی ٢٠٢٣، ل٨٢ .

4ستراتیژی نیشتیمانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ٢٠٢١-٢٠٢٥، دەستەی دەستپاکی هەرێمی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، ل٦.

5بریار محمد کاکەڕەش، واقعی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا لە ڕووی یاسایی و ئابوورییەوە، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠١٣، لل١٢١-١٢٢.

6 بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل١٧٨-١٧٩.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دەستنیشانکردنی بەرپرسانی کەرتی گشتی، بۆ باشتر کردنی ئەدای خزمەتگوزاری گشتی پێویستە بەرپرسانی دامەزراوە گشتییەکان لە سەر بنەمای توانا نەک لایەنگیری"وەلاء" دیاریبکرێن. بە پێچەوانەوە ئەمر کەرتە زیاتر دووچاری چەقبەستوویی و ناکارایی دەبێتەوە، متمانەی هاوڵاتییانیش بە کەرتی گشتی و حزبەکانی دەسەڵات کەمر دەبێتەوە، بە سیاسی کردنی کەرتی گشتی کوردستان لە ماوەیەکی دوورمەودادا کوردستان دووچاری ئاڵنگاری گەورەی سیاسی و ئابووری و دارایی دەکات.1 سەرچاوەیەکی تری گەندەڵی بریتییە لە بوونی قاچاخچییەتی لە سنورە نێودەڵەتییەکان، سەرەڕای دروستکردنی سێ لێژنە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پێداچونەوە بە: (بڕیار و ڕێنماییەکانی لێخوشبوونی گومرگی، گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری خاڵە سنورییەکان و ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی ناوخو و پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی قاچاخچییەتی)، بەڵام ئەمر دیاردەیە بە بەردەوامی هەیە و بنبڕ نەکراوە.2 جگە لە بوونی بەربەست و کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی پلانەکانی چاکسازی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەت لە کابینەی نۆیەمر، هەوڵی جدی دەدات بۆ چارەسەرکردن و دژایەتیکردنی ئەمر پرسە، هەروەک لە دەقی وتاری دەست بەکاربوونی لە بەردەمر پەرلەمانی کوردستان لە ١٠/٧/ ٢٠١٩ ئاماژە بەمر پرسە دەدات، کە (خواستی یەکەمی هاوڵاتییانمان ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە خواستی یەکەمی منیش لەمر کابینەیەدا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە).3

حکومەتی هەرێم بە تەنیا پشت بەستن بە داهاتی نەوت نەیتوانیوە وەکو پێویست هەنگاو بهاوێژێت بۆ هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات، سەرباری بوونی گەندەڵی دارایی و ئابووری کە دەرنجامەکانی هەژاری و بێکاری لێدەکەوێتەوە، هۆکاری لاواز بوونی هەستی نیشتمان پەروەری و بەشداری سیاسی و بێ متمانەیی هاوڵاتیانە بە حکومەت کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێرێت لە سەر ناجێگر بوونی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک کە پێگە و قەوارەی سیاسی و ڕوایەتی هەرێم دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئابووری تەنها وەکوو پرسێکی سەربەخۆی ئابووری خوێندنەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەکو پرسێکی ئاسایشی هەڕەشە لە گشت بوار و ڕەهەندەکانی تری ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات.

٢-٣- ئالنگارییە سەربازییەکان

لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە، لە کەرتی سەربازی دەوڵەت تاکە یەکەی ئاسایشی نییە، بەڵام هێشتا یەکەیەکی گرنگە لە بەڕێوبردن و پاراستنی سەروەری دەوڵەت، جێبەجێکردنی یاسا و سەقامگیری ناوخۆیی و یەکپارچەیی وڵات، ئاسایشی سەربازی لە چوارچێوەی تواناکانی حکومەتە بۆ پاراستنی خۆیان لە هەڕەشە سەربازییە ناوخۆ و دەرەکییەکان، بەتایبەت لە هەمبەر ئایدیۆلۆجیا، کۆچ، گرووپەکانی تیرۆر و چەکداری ناوخۆ و دەرەکییەکان، لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە.4

٢-٣-١- نەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی و هەژموونی حزب

لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان خاوەنی خۆ-بەڕێوەبەری بوو، بەڵام لەدوای گۆڕینی ڕژێمی سیاسیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بەدیاریکراو لە دەستووری هەمیشەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی وەک هەرێمێک دانی پێدانراوە.5 بە پێی برگەی ٥ی ماددەی ١٢١ای دەستووری هەمیشەیی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە هێزی ئاسایشی ناوخۆ ڕێک بخات بۆ بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستان وەک؛ پۆلیس، ئاسایش، پاسەوانی هەرێم و..هتد، واتە

---

1 هاوڕێ حەسەن حەمە، بە سیاسی کردنی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرنال، ژمارە ٦٦، ٢٠٢١، ل١٧.

2 بلند دلێر شاوەیس، گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل١١٠.

3نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەروکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نوییەمر؛چاکسازی و خزمەتگوزاری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١، ل٣٢٥.

4باری بوزان و دیگران، چارچوبی تازە برای تحلیل امنیت، ترجمە :علیرضا طیب، انتشارات پژوهشکدە مطالعات راهبردی، راهبردی، ١٣٨٦(٢٠٠٧)، ص٨٧.

5فرهاد جلال مصطفا، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەک لەمەڕ سەرچاوەی هەڕەشەکان و ڕووبەڕوو ڕووبەڕوو بوونەوەیان، گۆڤاری بوار، ژمارە ١، ٢٠١٨، ل١١١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزی فەرمیی سەربازییە. بەڵام یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسایشی سەربازییەوە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دامەزراوەکانەوە، دابەشبوونی هێزە چەکدارەکانە بە سەر پارتە سیاسییەکان نەک حکومەت و دامەزراوەی فەرمی.1 بۆیە حکومەتی هەرێم هەوڵیداوە لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەتدا ئەم هێزانە یەکبخات، بە تایبەت دوای یەکگرتنەوەی کابینەکانی هەرێم لە ساڵی(٢٠٠٦) بە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)، کە جەخت لە دامەزراندنی سوپایەکی نیشتیمانی دەکاتەوە.2 مەترسییەکی ڕاستەقینە لە بواری ئاسایشی سەربازی ئەوە بووە کە لە حوکمڕانیی کوردیدا هێشتا دۆسییەی هێزە ئەمنییەکان (پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ) بە نادامەزراوەیی و نارێکخراوەیی ماونەتەوە و نەگوازراونەتەوە بۆ دامەزراوەکانی حکومەت، هێز لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە بوونی هەیە، وەک هێزی حزب و کەسایەتییەکان، ئەم فاکتەرە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانداوە.3 بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکار و هەلومەرجە مێژوویی سیاسییەکان، کە بەر لە دروستبوونی حکومەت و دامەزراوەی سوپایی وەک 'وەزارەتی پێشمەرگە' بە چەند دەیەیەک هێزی چەکداریی حزبی هەبووە، ڕیشەیەکی ناوچەیی و حزبی و کولتووری و فەرهەنگی و ئایدۆلۆژیایشی پەیدا کردووە، بۆیە بە دامەزراوە کردن و بە نیشتیمانیکردنی ئەم هێزانە بە جۆرێک کە هیچ کاریگەرییەکی حزبی و ناوچەیی و کەسی لەسەر نەبێت، کارێکی ئاسان نییە.4

هەبوونی هێزێکی یەکگرتوو لە بەرامبەر کوتایهێنان بە دیاردەی فرە هێزی، فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە لە زۆر بوارەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، چونکە یارمەتی و پاڵپشتی هاوپەیمانان بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدایە کە دەبێت هەرێمی کوردستان هێزێکی یەکگرتوو و دامەزراوەیی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبیت هێزی پێشمەرگە یەک بخریت بۆ ئەوەی متمانەی هاوپەیمانەکان بەتایبەت(ئەمریکا) بە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە زیاتربێت تاکو بەردەوامی بە یارمەتیەکانیان بدەن.5

بەڕێژەی (٧١٪) خەڵکی هەرێمی کوردستان متمانە بە حکوومەت دەکەن لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەریمی کوردستاندا، بوونی دوو هێزی ئاسایش هۆکارە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان دوور لە شێوازێ هاوتایی و ڕێکخراوەیی و نەبوونی هەماهەنگی تەواو لە نێوانیاندا کە بووتە هۆی کاڵبوونەوەی ئینتیمای نیشتمانی و کاریگەریی نەرێنی لە لای خەڵکی دروست کردووە، بە شێوەیەک کە لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (٧٧٪) پێیان وایە هێزە چەکدارە فەرمییەکان ئینتیمایان بۆ پارتە سیاسییەکانیان بە پێش ئینتیما بۆ جێبەجێکردنی یاسا دەخەن واتە جموجۆڵی ئەم هێزانە بە دەستی پارتە سیاسییەکانە کە هێشتا دامەزراوەیی نەکراون.6

گرنگترین ئاستەنگی ناوخۆی کە ڕێگرن لە یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هێزێکی نیشتمانی یەکگرتووی پیشەییدا بڕیتین لە:

١. ڕێگری نەکردن لە کاری حزبی و سیاسی لەناو ڕێزەکانی پێشمەرگە کە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسییە. ٢. لاوازبوونی ڕۆڵی چاودێری لێژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان. ٣. دەستبەردار نەبوون لە سیاسەتی (زەبائینی) کە ڕۆڵی هەبووە

---

1جواد مستەفا ستوپەیی، سیستەمی سیاسی لە عێراق و مافی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراقدا، چاپخانەی ماد، تاران، ٢٠٢٠، ١٤٧.

2بڕوانە یاسای ژمارە (١٩)ی سالی (٢٠٠٧) یاسای هەمواری خزمەتی مەدەنی.

3 زوبێر رەسوڵ، کێشە هەناوییەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠/٥/٢٠، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/١٣. ، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/200520201?Fbclid=iwar2qzob8brgmk50dwzmsa1xixo9ti.

4 محمد رەحمان ئەحمەد، ئاڵنگارییەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەکانی کلتور، ژمارە٤٧، ٢٠٢٢، ل٢٠١ .

5سەروەر حمە ئەحمەد، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانییدا: لێکۆڵینەوەیەک لە دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، دکتورانامە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، هەولێر، ٢٠٢٣، ل٢٣٣-٢٣٤.

6 بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی، ٢٠٢١، ل ١٧٥.

لە زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٢یەکێتی ١٨ هەزار و پارتی ٢٥ هەزار پێشمەرگەیان هەبوو بەڵام ئێستا ئەم ژمارەیە بەرز بۆتەوە بۆ نزیکەی ٢٠٠ هەزار، کە بارگرانییەکی گەورەی لەسەر بودجە دروست کردووە.1 ٤. چاکسازی لە بواری سەربازیدا هەوڵ دەدات بە گۆڕینی بنەما کلاسیکییەکان بە تێگەیشتنی نوێ لە ئەرک و کاری سەربازی و هەروەها جگە لە هێزی مرۆیی پشت بە زانست و تەکنەلۆژیای نوێی سەربازی و هەواڵگری دەبەستێت بۆ بەرزکردنی توانای شەڕ و بەرگری.2

بە گشتی حکومەتی هەرێم پێویستی بە سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرچاوەی هەڕەشە و هێنانە کایەی سەقامگیری سیاسی و جێبەجێکردنی یاسا، چونکە هەرێمی کوردستان وەک دوورگەیەک لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشەی تیرۆر و گروپە چەکدارەکان و سوپای عیراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەبێتەوە، بۆ سنووردارکردنی ئەم مەترسیانە و پاراستنی پێگەی هەرێم، یەکخستن و گەشەپێدانی هێزی ئەمنی و سەربازییەکان لە ڕووی چۆنایەتی و مەشق و چەکەوە پێویستییەکی هەنووکەییە.

٢-٣-٢ دەزگا هەواڵگرییەکان

ڕۆڵی دەزگا هەواڵگرییەکانی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر هەستیارە، هەواڵگری شێوازێکی دیاریکراوی زانیارییە، و ڕێگە بە دروستکەرانی بڕیار دەدات بڕیاری کاریگەر و دروست بدەن، وێنەی پێشوەختەی وڵاتە دراوسێکان و گروپە تیرۆریستییەکان و هەروەها هاوپەیمانەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریدا، هەماهەنگی هەواڵگری زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی هاوکاری لەگەڵ وڵاتەکان لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا، بەتایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.3

بەپێی ماددەی ٢ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکی هەرێمەوە پەیوەست دەبێت و پێکدێت لە: دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازی، ئاژانسی پاراستن و زانیاری. ئامانجەکانی بەپێی ماددەی ٣: داڕشتنی بنەماکانی ئاسایشی هەرێم و پاراستنی بنەما بۆ پرەنسیپەکانی دەستوور و یاسا، و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی هەرێم و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دەزگاکانی تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ.4 ئەگەرچی ئامانجی ئامانجی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایش پێش هەر شتێک یەکگرتنەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی پارتی و یەکێتی بوو، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆک و دەرکەوتەی کردارییەوە، لەژێر هەژموونی حزبی مانەوە، نەک وەک بونیادنانی دەزگای نیشتمانی. 5

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئەنجومەنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێم تاکوو ئێستا نەیتوانیوە هەژموون و باڵادەستی حزب لەم ئەنجومەنە کەم بکەنەوە و دوور بێت لە ململانێ حزبی، بۆیە پێویستە پێکهاتەکانی ئەم ئەنجومەنە هاوکاری یەکتر بن، و ئەو دوودڵییە ئاسایشییەی لە هەرێم هەیە بەرامبەر بە

---

1ئومێد رەفیق فەتاح، عابد خالد ڕەسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە:هەنگاو و ئاستەنگەکان، گۆڤاری لێکوڵینەوەی سیاسیی و ئەمنییەکان، بەرگی١ ژمارە٢، ٢٠١٨، ل ١٧٠.

2نەوزادی مهندس، ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ؟، گۆڤاری رۆشنگەری، بڵاوکراوەکانی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی(سلێمانی)،ژمارە ١٨، ل٢٢٥.

3کامران عزیز محمد، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدیین، ٢٠١٥، ل١٨٧.

4د.نەجدەت ئاکرەیی، هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین(هەولێر)، ٢٠١١، ل٢٨.

5ماوەی ١٣ ساڵە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم گوڕانکارییەکی لە پێکهاتەیدا نەکردووە، https://www.sbey.net/news/9cf7be25-d7f0-4db9-9480-9a867743d621 .

بەغدا و وڵاتانی دەرەوە، و مەترسییەکانی تر لەسەر هەرێم پێویستی بە ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتمانی هەیە کە تاکوو ئێستا بوونی نییە.1

٢-٣-٣- چەکداری خەڵکی مەدەنی و چەکی بێ مۆڵەت

دیاردەی چەک هەڵگرتن لە لایەن خەڵکی سڤیڵ پەیوەستە بە دۆخی ناوخۆیی کۆمەڵگاکانەوە، بە تایبەتی ئەوانەی بە دەست ململانێ ناوخۆیی و شەڕ و نائەمنی و نەبوونی ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی حکوومەت و بێتوانایی لە پاراستنی ئاسایش، ئەم هۆکارانە ڕەنگە ببنە هۆی پەرەسەندنی قەناعەت بۆ پەنابردنە بەر هەوڵی تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی ژیان و بەرژەوەندی تاک و گرووپەکان.2

نەبوونی سوپایەکی نیشتمانی بۆ وەرگرتنی فەرمانە سەربازییەکان و هەبوونی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەناو دامەزراوە سەربازییەکان یەکێکە لە ئالنگارییەکان بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بوونی هێزی چەکداری حیزبی و پاسەوانی بەرپرسەکان لە دەرەوەی دامەزراوە سەربازییەکانی هەرێم، دروستبوونی کەسانی خۆبەخش لە شەری داعش، ئەم هاوڵاتییە سیڤیلانە بوونە هەڵگری چەک، یان ئەنجامدانی تاوان لەلایەن ئەم کەسانەوە و داڵدەدانیان،قوتابخانەی کۆپنهاگن ئەم مەترسییەی نەشاردووەتەوە باسی هەبوونی چەکی کردووە لە دەرەوەی دامەزراوەی دەوڵەت.3

یەکێک لە سیما دیارەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەوڵەت نییە بەمەش نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی هێزێکی ڕێکخراو و یەکگرتوو. ئەمەش وای کردووە هەبوونی ئەم هێزە چەکدارانە زۆر کات وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێم هەژمار دەکرێن لە بەکارهێنانیان بۆ پشتگیری کەسی یان حزبی.4

هەروەها تۆڵەسەندنەوە لەبڕی یاسا و دادگا ئاستی توندوتیژی لە کۆمەڵگا زیاد دەکات، و لە ڕووی ئاسایشی سەربازییەوە، هەرێمی کوردستان بەهۆی دیاردەی چەکی نایاسایی بەدەست خەڵکەوە دەکەوێتە مەترسییەوە، و تەنانەت لەڕووی ئاسایشی کۆمەڵایەتیشەوە، بەهۆی بەرزبوونەوەی تاوان مەترسییە بۆ سەر هەرێم و دەبێتە هۆی نائاسایشی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، وە لە ئەنجامدا ڕەوایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو سەرچاوەی ئاسایش و سەقامگیری و جێبەجێکردنی یاسا دەخاتە مەترسییەوە.5

٢-٤- ئالنگارییە کۆمەڵگەییەکان

بە پێی قوتابخانەی کۆپنهاگەنەوە، ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ترس لەو هەڕەشانەی کە شوناسی کۆمەڵگەیی دەکەنە ئامانج لە زۆر بواردا بە جیاوازی شوێن و کات.6 لەم ڕوانگەییەوە 'باری بۆزان' پێی وایە کە ئاسایشی کۆمەڵگەیی پەیوەندی بە بابەتگەلێکی وەک توانای پاراستنی زمان و کولتوور و ئایین و داب و نەریتی نەتەوەیی هەیە، هەروەها بۆزان و ویڤەر بابەتی ئاسایشی کۆمەڵگەییان بە ناسنامە و پاراستنی ناسنامە بە ئامانجی ئاسایشی

---

1دانا علی صالح، کارزان ئەحمەد عمر، مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئالنگارییەکانی ئاسایشی لە دوای ٢٠١٤، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسیی و ئەمنییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢، ٢٠٢٤، ل١١٩.

2شەمال عادل سلیم، ظاهرە انتشار السلاح فی اقلیم کوردستان، ماڵپەری ایلاف، ٢٠٢٢/٧/٤ . https://elaph.com/amp/Web/opinion/2022/07/1479524.html

3. کارزان احمد عمر، ئالێنگاریەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی قوتابخانەی گۆپنهاگن لەدوای ساڵ ٢٠١٤ ،ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣ ،ل ٦٨

4ماڵپەری Micnews، کێشەی زەوییەکانی خورشید هەرکی چۆن پەرەی سەند و لە کۆنترۆڵ دەرچوو؟، ٢٠٢٥/٧/٩، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٢٢، https://micnews.net/KU/Details/4539

5صالح عمرعیسی، پەروێز قادر رەحیم، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بوزان لە دوای ٢٠١٧، گوڤاری قەلای زانست، زانکوی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی٦، ژمارە٢، بەهاری ٢٠٢١، ل٣٦٥.

6منیغر سناء، التنوع الثقافی منظور الأمن المجتمعی، رسالە ماجست، کلیە الحقوق و العلوم السیاسیە، جامعە سطیف٢، ٢٠١٤، ص١٣.

کۆمەڵگەیی دەزانن، کاتێک دەتوانین باس لە سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵگەیی بکەین کە گروپەکان لە کۆمەڵگادا لە هەر زیانێک پارێزراو بن لە پێناو پاراستنی ناسنامەکەیان و دەتوانن درێژە بە پەیوەندییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ گروپەکانی تر بدەن.1 لێرەدا سەرەکیترین ئاڵنگارییەکانی سەر کەرتی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، دەتوانین بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

٢-٤-١- پرسی ناسنامە

به شێوەیەکی گشتی ناسنامەی کوردبوون خۆی لەسەر چەند بنەمایەکی وەک خاک، زمان و بیرەوەری مێژوویی هاوبەش دەبینێتەوە کە خاوەنی چەندین سمبولی هاوبەشن لەوانە ئاڵای کوردستان، سرودی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە کە بە شێوەیەک لە نێوان هەموو کوردستانییان هاوبەشە، ئەمەش لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، بەو مانایەیە کە هەر ناسنامەیەکی تر کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەو سیمبولانە، ئەوە بە ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ئاسایشی ناسنامەی هەرێمی کوردستان.2 لەلایەکی ترەوە، ئەم ناسنامەیە بەردەوام لەژێر هەڕەشەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بووە، لەوانەیە شەڕی ناوخۆیی یاخود شێوازی حوکمڕانی و لێکترزانی سیاسی، لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و کێشەکانی ناوخۆیی کە وایکردووە ئیدارەیەکی یەکگرتووی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان دروست نەبێت. هەروەها بەرزکردنەوەی هەستی خێڵ و هۆز و عەشیرەتگەری و ناوچەگەرایی کە بەردەوام وایکردووە هەموو هاوڵاتییان پێکەوە نەچنە ژێر ئاڵای ناسنامەیەکی هاوبەش، کە ئەمە هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی یەکگرتووی کوردستانی و ئەم ناسنامەیە خوار-نەتەوییە (Sub-National Identity )، وەکو؛ ناسنامەی ناوچەیی، حزبی، خێڵ و عەشیرەت و هەروەها ناسنامەی سەروو-نەتەوەیی (Transnational National Identity) وەکو؛ ئایین و ئایدیۆلۆژیا، هەموان دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ ڕێگر بوون لە بەردەم دروستبوونی شوناس و ناسنەمەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی.3

بارودۆخی ئەم ساڵانەی ناوچەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سیاسەتی ناسنامەیی دەوڵەتەکان لە گەڵ سیاسەتی ناسنامەی نەتەوە-بێ دەوڵەتەکان و یەکە نا-دەوڵەتییەکانی وەک کورد، کاریگەریی بەرچاو لە زەمینەی نوێنەراتیکردن و نواندنی ناسنامەکاندا دەخوڵقێنێت، واتا ناسنامە دەوڵەتییەکان بە هۆی ئامرازەکانی دەسەڵات لە بەرامبەر (من یان خود) هەوڵی پێناسەکردنی (ئەویدی) و دوژمن و ئەوەی دیکە دەدەن، و هەوڵیش دەدەن ناسنامەی نەتەوە بندەستە سەروەرخوازەکان لاواز یاخود بتوێننەوە، بۆیە ناسنامەکان بوونەتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.4 لەم ڕوانگەیەوە ناسنامە و شۆناسی کوردیی خۆی لە چوار گۆشەیەکی پڕ لە نەیار دایە و دراوسێکان و نەتەوکانی دیکەی دراوسێ وەکو (تورک، عەرەب و فارس) نەک تەنیا دانیان بەو شوناس و ناسنامەی کوردستانی بوونە دانەناوە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی دژایەتی و لە ناوبردنی ڕەگەزەکانی ئەم ناسنامەیە دان و بەردەوام لە ڕێگەی سەرکوتکردن، ڕاگواستن، کوشتن، گۆڕینی مێژوو و دزینی کولتووری ئەم نەتەویە هەوڵی ڕێگری کردن دەدەن لە دروستبوونی ئەم ناسنامەیە. لە لایەکی دیکە، ئەم ناسنامەیە بە هۆی ناکۆکی و لێکترزان و ململانێ سیاسییەکان وەکوو پێویست نەکراوتە ناسنامەیەکی نیشتمانی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش وایکردووە ئەم ناسنامەیە لە قاڵبی

1علیرضا سمیعی اصفهانی و دیگران، تبیین ابعاد و مؤلفەهای رویکرد امنیتی دولت روحانی براساس نظریه مکتب کپنهاگ، فصلنامه علمی پژوهش های راهبردی سیاست، دوره ١٠، شماره ٣٩، زمستان ١٤٠٠، ص٧٨.

2صالح عمر عیسی، پەروێزرەحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن لە دوای ساڵی ٢٠١٧، گۆڤاری قەلای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٣، ٢٠٢١، ل٣٢.

3عبدالرحمن دەروێش، ستراتیجیەتی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە کوردستانی عیراق بەراییەکی تیۆری، سەنتەری مارگرێت و دەزگای رۆشنبیری جمال عیرفان، چاپخانەی کمال، سلێمانی، بێ سالی چاپ، ل ١٣٩.

4مامەند رۆژە، جیوکلتووری ناسنامە: سیاسەتی ناسنامەی کوردی، ماڵپەری لێکۆڵینەوەی ناوەندی رووداو، ٢٠٢٣/٣/١٣، رێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٢٥، https://rudawrc.net/sorani/article/cyokultuwri-nasname-syaseti-nasnamey-kwrdi

گەورەیی خۆی بچووکتر بێتەوە، لە کاتێک دا پێویست بوو کورد بتوانێت لەم هەرێمە کار لەسەر دروست کردنی چەمکی(ئێمە) بکات بە شێوەیەک کە ناسنامەی (ئێمە) جیامان بکاتەوە لە ناسنامەی (ئەوانی) دیکە.1

چەندین هەڕەشە هەن لەسەر ناسنامەی نیشتمانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کوردی بەسەردا دابەش کراوە بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو وڵاتانەوە لە زۆربەی ڕوویەکەوە.2 لەسەر ئاستی ناخۆش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەژێر هەڕەشەدایە، عەشیرەتگەری و ناوچەگەری بنەمایەکی سەرەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا. پەیوەندی نێوان خودی پێکهاتە کوردییەکان، پەیوەندی نێوان کورد و پێکهاتە ئیتنیەکانی دیکە ..هتد، بە گشتی لاوازە وایکردووە جۆرێک لە یەکترازان ڕوو بدات لە بونیادی کلتووری کۆمەڵایەتی کوردستان، پۆلێن کردنی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەناو گرووپە بچووکەکاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شوناسی جیاجیا، دژ بە یەک، چونکە تاکەکان ئەندامێتی گرووپێکی کۆمەڵایەتی قبووڵ دەکەن وەک پێناسەیەک بۆ خۆد. لە هەرێمی کوردستان گروپە بچووکەکان تەواوی ڕەگەزنامەی شوناس پێکدێنن، زۆر ئەستەمە شوناسی کۆمەڵایەتی گشتیگیر بدۆزیتەوە لەسەر بنەمای هاوکاری کۆمەڵایەتی بونیاد نرابێت.3

بێگومان ئەم هەڕەشانە دەکرێت لەوە سەرچاوی گرتبێت کە ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردیان لەسەر دابەش کراوە، ئەم ناسنامەی کوردییە بە هەڕەشەیەکی وجودی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن و ئەم دژایەتییە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان شتێکی ئاسایشی و عەقڵانییە، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئێمەی کورد هەڕەشەیەکی جدییە لە سەر ئاسایشی ناسنامەیی لە هەرێمی کوردستان. کەواتە ئاسایشی کۆمەڵگەیی گرنگی بە مانەوە و بەردەوامبوونی ڕەگەزەکانی ناسنامە وەکوو (زمان، کلتوور، نەریت،ئایین و نەتەوەی کۆمەڵگەکان دەدات. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەمکی کۆمەڵگا و ناسنامە هاوتان، کاتێک گروپ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەست بە ئاسایش دەکەن کە مەترسی لەسەر ڕەگەزەکانی ناسنامەیان نەبێت.

٢-٤-٢- مادده هۆشبەرەکان

مادده هۆشبەرەکان لە لایەن قوتابخانەی کۆپنهاگن بە یەکێک لە هەڕەشە گرنگەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەژمار دەکرێت. دەوڵەتی عێراق کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو دەوڵەتە، هەتا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە خاوێنترین دەوڵەت لە ماددەی هۆشبەر دادەنرا، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: ١- یاسای ژمارە ٦٨ ساڵی ١٩٦٥ی بەڕەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر کە زۆر توند بوون. ٢-کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنورەکان.4 بەڵام بەو پێیەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان کەوتوونەتە سەر ئەو نەخشەیەی وەک هێڵی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان، دەبینین تا پێش پرۆسەی ئازادی، عێراق و هەرێمی کوردستان تەنها وەک ترانزیت بەکاردەهێندرا، بەڵام دوای ئەو قۆناغە جگە لە ترانزیت، بەکارهێنان و چاندنی ئەو ماددانە هۆکارێکن بۆ زیادبوونی بەکارهێنان و بازرگانیکردن پێوەی.5 هەروەها گۆڕانکاری سیاسی و ناسەقامگیری دۆخی ئابوری و کۆنترۆڵنەکردنی سنورەکان بە ڕووی ئێران، دوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، زەمینەی ڕەخساند بۆ هاوردەکردنی ئەو مادده مەترسیدارانە.6

---

1هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد(بەشی دووەم )، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٥/٢٣، بەستەر : https://kurdistanukurd.com/?p=13567

2کارزان احمد عمر، سەرچاوەی پێشو، ل٩٠.

3عبدالرحمن کریم دەروێش، سەرچاوەی پێشو،ل١٣٩

4تاڤگە عەباس بوستانی، یاساکانی بەرەنگار بوونەوەی مادەی هۆشبەر، بازنەی گفتوگۆ، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، ژمارە ٢، ٢٠٢٤، ل٧١.

5لە هەرێمی کوردستان بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە زیادبووندایە، ماڵپەری میتروو، ٢٠٢١/٦/٢٦، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٣١ https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=8952&Jor=1 .

6صاڵح عمر عیسی، پەروێز ڕەحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

جگە لەمانەش، لە نێوان هەرێمی کوردستان- عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، 650 کیلۆمەتر سنوری وشکایی هەیە، بەڵام مەترسییەکە کاتێک چەند بەرامبەر دەبێت کە کەسانی ئالودەبوو و قاچاخچی لە ئێران و وڵاتانی تری بەکارهێنەر بە ناوی گەشتیار دێنە ناو هەرێمی کوردستان و هەروەها کۆنترۆڵەکردنی ووردی سنورەکان هۆکارن بۆ هاتنی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بۆیە هەرێمی کوردستان وەکو پردێک بەکار دەهێندرێت بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بەرەو تورکیا و ئەورووپا.1 لە لایەکی تریشەوە، دۆزی سیاسی کوردستان کە وایکردووە بەشێکی ئەم مادانە نەک تەنیا لە قاڵبی بازرگانی نایاساییەوە کە بۆ مەبەستی ماددی بازرگانی پێوە دەکرێت، بەڵکو هەوڵێکی پلان بۆ دارێژراو هەبووە لە پێناو و بڵاوکردنەوی ئەم ماددانە لە هەرێمی کوردستان.2

بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 لە لایەن حکوومەتی فیدرالییەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی بۆ کەمبوونەوەی داهاتی تاک و بێکاری و بەرزبوونەوەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرکان ڕەهەندی ئابووری و ئاسایشی و کۆمەڵایەتییان هەیە، کە کەسی بێکار زۆر جار ڕێگا نایاساییەکان بۆ دەستخستنی داهات هەڵدەبژێرت، کەسانی هەژار و بێکار بە ئاسانی ڕازی دەکرێن لە لایەن گرووپ و باندەکان تاوەکو بە کاریان بێنن.3

لەم چوارچێوەیەدا، ئەم پرسە هەڕەشەیەکی ستراتیژی فرە ڕەهەندە، چونکە جگە لەوەی ئاسایشی 'بوون' و ئاسایشی 'تاک' و 'کۆمەڵگە' دەخاتە مەترسییەوە، بە شێوەیەک کە ڕۆژانە ژمارەی گەنجی ئالودەبوو لە زیادبووندایە، لە ئاکامی کارلێکردن لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەک (جیابوونەوەی خێزانی، خۆکوشتن، لادانی سێکسی، هەڵاتن لە ماڵ، دزی، کوشتن، بازرگانی سیستماتیک، هەژاری، و.. هتد)، بۆتە هەڕەشەیەک کە مەترسییەکی گەورە لەسەر بونیادی کۆمەڵگە و بەم پێیەش ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان دەخولقێنێت.4 هەر بۆیە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ١٠/١٥/ ٢٠٢٣ ئاماژەی بە هەڕەشە و مەترسییەکانی مادەی هۆشبەر کرد کە هیچی کەمتر نییە لە تیرۆر و تەنیا زیانی تەندروستی نییە، بەڵکوو زیان دەگەیێنێتە کەرتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و دارایی و دەبێتە هۆی لاوازبوونی سەرمایەی مرۆڤی.5

خشتەی گیراوان و دەستبەسەرداگرتنی بڕی ماددەی هۆشبەر بۆ ساڵی (٢٠٢٣)تا (٢٠٢٤) بە پێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی هەرێمی کوردستان. 6

| ژ | ساڵ | ژمارەی دەستگیر کراوان | مادەی هوشبەری دەستبەسەردا گیراو |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٣ | ٢٣٧٣ تۆمەتبار | (١٧٣٥) کیلۆ گرام ماددەی جۆراوجۆر |
| ٢ | ٢٠٢٤ | ٣٧٠٩ تۆمەتبار | (٤٧٥٩) کیلۆ گرام ماددەی جۆراوجۆر |

1هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی مادەی هۆشبەردا، ماڵپەری هەرێم نیوز، ٢٠٢٢/٩/١٦، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٣١: https://haremnews.com/details/34728

2مادە هۆشبەرەکان، مەترسییەک لە سەر ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٧/٢١، بەستەر: https://bdaghi.blogfa.com/post/13

3 فائزه ابراهیم محمد، هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٩٨.

4 ئیبراهیم ڕەمەزان، ئالنگاریەکانی ئاسایشی نیشتیمانی، بازنەی گفتوگۆ، ژمارە ٢، ٢٠٢٤، ل٦٣.

5مەسرور بارزانی: هەڕەشە و مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر هیچی لە تیرۆر کەمتر نییە، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٧/٢١، بەستەر: https://harемnews.com/details/44052

6عبدالواحد نافع توفیق، کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی: هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ساڵی ٢٠١٤ وەک نموونە، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، هەولێر، ٢٠٢٥، ل ١١٧.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | کۆی گشتی | ٦١٨٣ تۆمەتبار | (٦٤٩٤) کیلۆ گرام ماددەی جۆراوجۆر |

ئەو ڕەهەندە شاراوانەی کە باسکران، لێکەوتەی ئەو مەترسییە ئاسایشییە کە لە دوارۆژدا نەک تەنها ئاسایشی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان تووشی نائاسایشی دەکات، بەڵکوو ئاسایشی نەتەوەییش دەخاتە مەترسییەوە.

٢-٤-٣- پرسی کۆچ و پەنابەر

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتی، پرسی هاتنی ئاوارە و بە گشتی پرسی کۆچ کە دەکرێت خولقێنەری هەڕەشەی زۆر جددی بێت بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی، هەرێمی کوردستان لە کاتی هێرشەکانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ هەروەها شەری ناوخۆی سووریا، ئامێزی بۆ سەدان هەزار پەنابەر کردەوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان  بە تەواوی لە ژێر کاریگەری شەڕ، قەیرانی ئابوری و سیاسی دابوو ، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبوو مەترسی بۆ سەر ناسنامە و پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، کە دەرگای بۆ دروستبوونی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان کردەوە، ئەم ئاوارانە کە پێکهاتبوون لە ئاوارەی ناوخۆی عەرەب، هەروەها پەنابەری سووری (کورد و عەرەب)، پەنابەری تورک، ئێرانی، فەڵەستینی و وڵاتانی تر کە بەشێکیان لە کەمپەکان جێگر کراون و بەشێکی تریان لەناو شارەکانی هەرێم دەژین.1

بەپێی ئاماری فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ٣ـی ئاداری ٢٠٢٣ بڵاویکردەوە، (٤٦٧،٩٠٠) ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان دەژین، کە لەو ژمارەیەدا ٦٣١.١٧٤کەس ئاوارەی ناوخۆیی (عێراقین)، و (٢٩٣،٢٦٩) کەس پەنابەرن کە زۆربەی پەنابەرانیش لە ڕۆژئاوای سووریان کە ژمارەیان (٤٧٥،٢٥١) کەسە، پاشان پەنابەری وڵاتی ئێرانن کە (٣٥٧،٨) کەسن، و پەنابەری وڵاتانی تورکیاش (٧٩٦،٧) کەسن، لەگەڵ بوونی (٦٥٢) پەنابەری فەڵەستینی و (١٠١٣) پەنابەری وڵاتی دیکەی جیهان.2 و بە ڕێژەی لە (٧٠٪)ی ئاوارە و پەنابەراکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخۆی دەژین. لە کاتێکدا تەنها (٣٠٪)یان لەناو کەمپەکان دەژین،  کە ژمارەیان (٣٦) کەمپە، وە (٤١٪) ئاوارە و پەنابەران لە پارێزگای هەولێر و(٤٠٪) لە پارێزگای دهۆک و (١٩٪)  لە پارێزگای سلێمانی دەژین. 3حکومەتی هەرێم تێچوی خزمەتگوزارییان بۆ دابین دەکات کە ڕۆژانە بۆ هەر کەسێک ٣/٢ دۆلار کە ساڵانە دەکاتە ٨٤٢ ملیۆن دۆلار.4

ئەم ڕێژەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووتە سەر بوارەکانی تەندروستی، دەرمان، ڕێژەی ئاوی خواردنەوە و کارەبا کە لە هەر یەک لەم بەشانە ١١.٣٪ بۆ ئاوارەکان تەرخان کراو لە کاتێک لە خودی هاوڵاتییانی هەرێم کێشەیان هەیە لەم پێداویستیانە. لە لایەکی تر، لە ڕووی بواری ئاسایش بەشێکی ئەم ئاوارانە هەڵگری بیروڕای توندڕەوی ئایینین و ئەمە دەرفەت دەدات بە شانە نوستوکانی داعش کە ئەم کەسانە بە کار بهێنن بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە کارێکی تیرۆریستی دژی خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان.5

جگە لەمانە، ئەوەی زیاتر هەڕەشەی دروستکردووە بریتییە لە کۆچی عەرەبەکانی عێراق بۆ شاری هەولێر، بەپێی ئاماری کۆمەڵەی داکۆکیکار لە کرێنشینانی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی  ٢٠٠٣ تەنها لە شاری هەولێر ٦٨٠هەزار هاوڵاتی عێراقی موڵکی تاپۆی کڕیوە، ئەمەش دوو مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە: ١ـ گرانبوونی موڵک لە هەرێم کە دەبێتە مایەی

1صالح عمر عیسی، پەروێز رەحیم قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٤٥.

2راپورتی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٤/٣، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/253273 .

3 سەروەر حەمە ئەحمەد: پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانیدا: لێکۆڵینەوەیەک لە دەرفەت و ئالنگارییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، ل 83.

4نەتەوە یەکگرتووەکان: زۆرینەی پەنابەران لە سنووری هەولێرن، کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٥/١/١٠، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/819155.

5لەتیف نێروەیی، مژاری ئاوارەکانی هەرێم، ماڵپەری کورد پرێس، ٢٠٢٤/٧/١٨، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://ku.kurdpress.com/news/223808

ئەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەوانەوە تەحەکومی پێوە بکرێت، ٢ـ لە داهاتودا ساتی پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای نیشتەجێبوون لەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەژمار بکرێن و دەنگ بە لیستەکانی عەرەب بدەن.1 هەروەها هەڕەشەیەکی جددی بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئاوارەکان، گۆڕینی دیمۆگرافیایی هەرێمی کوردستانە کە لە ئێستادا بە ڕوونی لە شارەکانی هەرێم کوردستان هەستی پێ دەکرێت، بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق نزیکەی 7 ملیۆن عێراقی لەو بەشەی عێراق دەژین کە کەوتوونەتە نێوانی هەرێمی کوردستان و بەغداوە، کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان زۆر لەوە زیاتر دەبێت کە ڕژێمەکانی بەغدا کردوویانە لە پیادەکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی کورد.2

کۆچ لە ڕێگەی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگەوە هەڕەشە لە شوناسی کۆمەڵگە دەکات، لە پێش ساڵی ٢٠٠٣دا لە پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیابارانی گەلی کورد و ڕاگواستن و وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان، و بە هۆی کۆچکردنی عەرەبەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا بە 'ناوچەی جێناکۆک' یان سنوری مادەی ١٤٠ ناو دەبردرێن، ناسنامەی کوردی لەم ناوچانە کەوتووەتە بەر هەڕەشەی سڕینەوە.3 هەروەها لە هێرشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە دەست حەشدی شەعبی، و ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەمە پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلی بە عەرەبکردن وە هەڕەشەی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە.4 بە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٦٨هەزار هاوڵاتی کورد لەو ناوچانە و هێنانی عەرەبی هاوردە و داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵی و گوندەکانی کورد، کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی کورد، بەتایبەت لەسەر پرسی هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی قۆناغەکانی مادەی ١٤٠ و ئەنجامدانی سەرژمێری و ڕاپرسی کە بنەماکانی مادەی (١٤٠)ن، لاوازبوونی کورد کاریگەری لەسەر ئایندەی چارەنووسی ناوچەکە و ئاسایشی ناسنامەیی هەرێمی کوردستان دەبێت.5

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سیاسەت و میکانیزمی ڕاگواستن و کۆچکردن، هەروەها هاتنی ژمارەی زۆری پەنابەر، لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بە هۆی نائاسایشی سیاسی و نائاسایشی ئابوورییەوە سەر هەڵدەدات، کە لە لایەک دەبێتە گۆڕانی دیموگرافی و هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی کۆمەڵگا بە تایبەتمەندی خاک و خەڵک، و لاوازکردنی سمبولی ناسنامە (زمان و ئاڵا)، و لە لایەکی تر، دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ئابووری و سیاسی و ئەمنی لە هەرێمی کوردستان.

**٢-٥- ئاڵنگارییە ژینگەییەکان**

لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەڕەشە ژینگەییەکان هەر وەکو هەڕەشەکانی سەربازی و ئابووری جێگای مەترسین و هەڕەشەن لەسەر بیروکە و دامەزراوەکان کە ئەمەش ئاسایشی حکومەت و کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە، بۆ نموونە؛ ئەو پرسانەی کە سروشتین وەکو بوومەلەرزە، لافاو، وشکەساڵی، بەبیابانبوون و چ ئەوانەی پەیوەستن بە چالاکییەکانی مرۆڤ، کە کاریگەرییان هەیە لە گۆڕانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگە، هەروەها سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی و ئاوی ڕووبارەکان کەوا دەکەن ئاسایشی خۆراک و لە ئەنجامدا ژیانی هاوڵاتییان بکەوێتە مەترسی و ببێتە

---

1بارزان جوهر صادق، هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل١٤١-١٤٣.

2عارف قوربانی، مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، ماڵپەری ڕووداو، ٢٠١٧/٨/١٤، ڕێکەوتی سەرەدان:٢٠٢٥/٨/٢٠، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/140820172

3سامان حکمت علی، ڕەهەندە جیوپۆلیتیکیەکانی ڕیفراندومی سەربەخویی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ل٢٠٢.

4فەرید دلشاد محەمەد، کاریگەری هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٤، ل٢٥١.

5فەرهاد حەسەن عەبدالله، ناکۆکی خاوەندارییەتی لەسەر خاک؛ شەپۆلێکی نوێیە لە ناوچە جێناکوکەکان، گۆڤاری جورناڵ، ژمارە ٥٨، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٠.

**هۆکاری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ کۆمەڵگا.1 لەم چوارچێوەیەدا، سەرەکیترین ئاڵنگارییەکانی سەر کەرتی ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق دەخەینەڕوو:**

**٢-٥-١- پرسی ئاسایشی ئاو**

**گۆڕانی کەشوهەوا، سەرچاوەکانی ئاوی کەم کردووەتەوە و لە هیچ ناوچەیەکی جیهاندا کاریگەری دووانەیی گۆڕانی کەشوهەوا و نیگەرانیی ئاو هێندە بەدیار نەکەوتووە وەک ئەوەی لە حەوزی دیجلە و فوراتدا هەیە کە تورکیا، سوریا، عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دەگرێتەوە.2 تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی هەرێم، تەنها لە بارانبارین زیاتر لە ٢٤ ملیارد مەتر سێجا دەخەملێنرێت، هەروەها بڕی ئاوی ژێر زەوی کە شیاوی بەکارهێنانە بە ٥.٤ ملیار مەتر سێجا مەزندە کراوە، کە پێگەیەکی گرنگ لە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دەبەخشێتە هەرێم لە ناوچەکەدا.3 هەرچەندە بەپێی ئەو داتایانە، هەرێمی کوردستان گرفتی کەم ئاوی نییە، بەڵکو گرفتی گواستنەوەی ئاو و بەفیڕۆدان و نەبوونی ستراتیژی و سیستەمی بەڕێوەبردنی گونجاو بۆ دابینکردنی ئاوی هەیە، ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی ئاو لە داهاتوودا.4 جێگەی ئاماژەیە، لە سەدەی ٢١دا ئاو بووەتە کاڵایەکی ستراتیژی کە وڵاتان وەکوو چەکێکی ئابووری و سیاسی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دەهێنن، بۆ نموونە، پرۆژەی (گاپ)کە بە گەورەترین پرۆژەی ئابوری تورکیا دادەنرێت، ئامانج لەم پرۆژانە جگە لە سوود وەرگرتن لە بواری کشتوکاڵ و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ڕووی (ناوخۆ و دەرەکی) دەیەوێت ئامانجە سیاسی و ستراتیژییەکانی لە سووریا و عێراق بە دەست بهێنێت.5 هەرچی تایبەتە بە سیاسەتی ئاوی وڵاتی ئێران، دروستکردنی ٢ بەنداو (گەرزاڵ، بریسو) لەسەر زێی بچووک و گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بۆ نێو خاکی ئێران وەکوو ڕووباری ( ئەڵوەند، کاجن، بناوەسوتە)، کە کاریگەری خراپی لەسەر بڕی ئەو ئاوەی کە دەڕێژێتە ڕووباری زێی بچوک هەبووە. هەروەها ئێران کۆنترۆڵی سەرچاوەی ئاوی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، تەنها خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی و بە پێچەوانەوە کاریگەری خراپی لەسەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەیە.6 بۆیە هەرێمی کوردستان نابێ چاوەڕێی بەزەیی وڵاتانی دراوسێ بێت تا ئاوی بۆ بەربدرێتەوە، چونکە سیاسەتی ئاوی دراوسێکان و هەڕەشەی گۆڕانکاری سروشتی و کەمبوونەوەی دابارین و ڕێز نەگرتن و بێباکی لە ئاست سەرچاوەکانی ئاو، ئەو مەترسیانەن کە خۆیان یەکتر بەرهەم دەهێننەوە، واتە چەند مەترسی سروشت زیاد بکات، ئەوەندەش هەڕەشەی دراوسێکان لەسەر هەرێم گرانتر دەبێت، بۆیە پێویستە هەرێم پلان بۆ گلدانەوەی ئاوی دابارین و گەنجینە کردنی ئاوی ڕووبارەکان هەبێت و ڕێگە لە بە فیڕۆدانی ئاوی ژێر زەوی بگرێت.7**

**٢-٥-٢- پیسبوونی کەشوهەوا و ژینگە**

---

**1باری بوزان، مردم، دولت ها و هراس، مترجم: محمد علی قاسمی، پژوهشکده مطالعات راهبردی، (٢٠٢٠)١٣٩٩، لل ١٤٠-١٤١**

**2ساندی میلن، چۆن کەم ئاوی بووەتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگەکان، وەرگێڕانی: پەروش محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ١١، ٢٠٢٢، ل٨٦.**

**3ئازاد محمد ئەمین، پێگەی ئاوەیی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، گۆڤاری شروڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی، هەولێر، ژمارە ٣٠، ٢٠٢٠، لل١٤-١٥.**

**4سامان حکمت علی، ڕەهەندە جیوپۆلیتیکیەکانی ڕیفراندومی سەربەخویی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، لل٨٩-٩٠.**

**5شیرزاد حسین فەرەج، ئاو وەک چەکێکی ستراتیژی و سیاسی (عێراق و تورکیا بە نمونە)، گۆڤاری بوار، سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی، ژمارە ٢، ٢٠١٨، ل١١٩.**

**6ئازاد محەمەد نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٢.**

**7خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاویی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سلێمانی، ژمارە ١١، ٢٠٢٢، ل١١.**

پیسبوونی هەوا چەندین سەرچاوەی هەیە، لەوانە: کارگەکان، هۆیەکانی گواستنەوە، تەقینەوەی ئەتۆمی، پاشماوەی تیشکدەر، ڕۆژانە ئەم سەرچاوانە لە زیادبووندان، وەکو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، ئۆکسیدی گۆگرد، ئۆکسیدی نایترۆجین و چەندانی تر، کاتێک چڕی ئەم پیسکەرانە لە بەرگە هەوادا لە ئاستێکی دیاریکراو تێدەپەڕێت، کاریگەری بەرچاویان لەسەر مرۆڤ و زیندەوەرانی تری ناو ژینگە دەبێت.1

ڕۆژانە نزیکەی 8 ملیۆن لیتر سووتەمەنی بە کار دەهێنێت، ئەم گازانەش دوای ئەوەی کە لەگەڵ هەڵم یەک دەگرێت، وە لە ڕێگای دابارینەوە کەشوهەوا گەرم و پیس دەکات، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم ئامێرانە جەنجاڵی و ژاوەژاو دروست دەکەن کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە، بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی هاتوچۆی گشتی، زیاتر لە ١ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت.2

زۆربوونی ژمارەیی دانیشتوان هۆکارێکی ترە بۆ پیسبوونی هەوا، چونکە بەپێی ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی شارنشین 84% و ڕێژەی گوندنشین لە 16%یە.3 ئەمەش بووەتە هۆی زیاد بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە و ژمارەی خانوو و باڵەخانە کە بە شێوازێکی نا زانستی و دوور لە پێوەرەکانی تەلارسازی بنیاتدەنرێن کە هۆکارە نادیارەکانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمین.4

خاڵێکی گرنگ بۆ پاراستنی ژینگە، ئاستی ڕێژەی سەوزاییە لە وڵاتدا، بەپێی ستانداردنی ڕێکراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، دەبێت بۆ هەر تاکێک ٩ مەتر دووجا سەوزایی هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەوزایی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٥ مەتر دووجا بۆ هەر تاکێک، هەر بەپێی ئەو داتا ڕێژەییانە، ڕێژەی سەوزایی لە هەولێر دەکاتە ١٧.٥٪ بە پێوەری ڕووبەر، و لە دهۆک لە ١٤٪ کەمترە، ئەمەش هاوتەریب نیيە لەگەڵ ستانداردی جیهانی کە ٢٥٪.5

هەروەها نەبوونی ڕیساکلینی زانستی و سیستەمی فڕێدانی زبلی ناتەندروست لە ژینگەی هەرێمی کوردستان کە خاک، ئاو و هەوا دەخاتە مەترسی و بە پێی لێدوانی گوتە بێژی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەندرێن شێخ ڕاغب، ڕۆژانە بڕی ٧ هەزار تۆن زبڵ فڕێ دەدرێت و بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ٧ جۆری پلاستیک هەن کە لەم زبڵانەدا کە دوو جۆریان ژەهراوینە و لە زۆربەی وڵاتان قەدەغە کراون، بەڵام لە کوردستان بە کار دەهێنرێن و لە دەرەوەی کوردستان هاوردە دەکرێن کە فڕێدان و سوتاندنی ئەمانەش دووبارە بوونەتە هۆکاری پیس بوونی ژینگەیە. لە لایەکی تر پاشماوە پزیشکییەکان کە هیچ شوێنێکی تایبەت بۆیان تەرخان نەکراو بۆ لە ناو بردن، کە هۆکارێکە بۆ پیس بوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان، و مەترسی بۆ سەر گیانی هاوڵاتییان دروست دەکات.6

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕ و ململانییەکانەوە ژینگەکەی بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بووە، وەکوو بۆردومانکردن، مینڕێژکردن، سوتاندنی دارستانەکان و کیمیابارانکردن، ئەم پاشماوە جەنگییانە بە چەندین شێوە کاریگەری نەرێنییان لەسەر ژینگە هەیە، کە دەتوانێت خاک و سەرچاوەکانی ئاو بە مادده ژەهراوییەکان پیس بکات و شیاو

---

1کاوە محەمەد فەرەج، البیئە و مفهومها و علاقتها بلانسان، گۆڤاری ئابووری سیاسی، سەندیکای ئابووری ناسانی کوردستان، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٩، ل١٢٨.

2سیراج محمد، پرۆسەی ئیدارەدانی ژینگە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠، ٢٠٢٥، ل٤٧.

3 عبدالرحمان صدیق، دابەزاندنی وەزارەتی ژینگە بۆ ئاستی دەستە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠، ٢٠٢٥، ل١٩.

4پەیرەو ئەنوەر، کاریگەری گۆڕانکاری کەش و هەوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ماڵپەری ڕووداو، ٢٠٢٣/٣/٥، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/١٣، https://rudawrc.net/sorani/event/karigeri-gorankari-keshuhewa-u-keshey-aw-le-rojhelati-newerast-2023-03-05

5شارا کەمال، ژینگەی پاک مافی نەوەکانی داهاتووشە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠، ل٥٠.

6پیسبوونی ژینگە؛ هەڕەشەیەکی جیددیی لەسەر کوردستان، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٨/١٥، بەستەر: https://tinyurl.com/2t8dmktm .

نەبێت بۆ کشتوکاڵ، و بەکارنەهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک دەبێت، هەروەها ئاستەنگ لە بەردەم هەوڵەکانی فریاگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دروست دەکات. 1

بە گشتی، پرسەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە و دەبنە هەڕەشەیەکی جددی کە کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان دروست دەکات، بەتایبەتی بەهۆی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە، وشکەساڵی و کۆچکردنی خەڵک لە گوند بۆ شارەکان و نەبوونی هۆشیاری خەڵک و شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە، نەبووەتە هۆی دروستکردنی فشارێکی جدی لەسەر دەسەڵات کە وەک پرسێکی ئاسایشی سەیر بکرێت.

**دەرەنجام:**

تیوری قوتابخانەی کۆپنهاگن یارمەتیمان دەدات کە تێگەیشتنێکی زیاترمان هەبێت کە چیتر سێکتەری سەربازی تەنیا مەترسی نییە بۆسەر ئاسایش، بەڵکو سێکتەرەکانی تریش دەبنە کێشە و هەڕەشەیەکی ئاسایش کە پێکەوە گرێدراون کە لە ئەنجامدا وەک تۆڕێک دەبنە مەترسی و هەڕەشە. لەم توێژینەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و مەترسی فرەڕەهەند بووەتەوە کە هەڕەشە لە سەر سەقامگیری و مانەوەی هەرێم دروست دەکات.

١- ئاسایشی سیاسی: لەم ڕوانگەیەوە ململانێی سیاسی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە هۆی خوڵقاندنی چەندین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی نا-ئاسایشی سیاسی، تەنانەت دابەشکاری سیاسیش بووە بە ئاستەنگ و سنوردارکردنی دامەزراوەکان کە دەبێتە لاوازبوونی متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەت و لە ئەنجامدا ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی هەرێمی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٢- ئاسایشی ئابووری: پێکهاتەی ئاسایشی ئابووری هەریمی کوردستان فرەڕەهەندە و پێویستە لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز شیکردنەوەی بۆ بکرێت. یەکێک لەوانە ئابووری تاک ڕەهەندە. کە پشتبەستن بەیەک سەرچاوەی داهات ئەگەری دارمانی ئابووری زیاتر دەکات. چونکە حکومەتی هەرێم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ جگە لە فروشتنی نەوت و بەشە بوجەی عێراق و داهاتی ناوخۆ نەیتوانیوە سەرچاوە ئابوورییەکانی فرە ڕەهەند بکات، بە شێوازێک کە گەرەنتی خۆبەرێوەبردنی پێ بکات، جگە لە بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و بێکاری، هەروەها پرسی گەندەڵی وەک دیاردەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری هەرێم هەبووە، هەرچەندە کابینەی نویەمی هەرێمی کوردستان جەخت لە نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەکات.

٣- ئاسایشی سەربازی: نەبوونی هێزێکی سەربازی و ئەمنی نیشتیمانی مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ و قەوارەی هەرێمی کوردستان کە بە نا دامەزراوەیی ماوەتەوە بەهۆی بێ متمانەیی و توندبوونی ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە گەل بوونی دیاردەی چەکی نایاسایی بەدەست خەڵکەوە. ئەم فرە هەژموونییە جگە لە پێشلکردنی سەروەری یاسا، کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کەرتەکانی ئاسایشی.

٤- ئاسایشی کومەڵگەیی: ئەگەر چی ناسنامەی کوردستانی بە هەڕەشەیەکی وجودی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە هەژمار دەکرێت کە خاکی کوردییان لەسەر دابەشکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەم مەترسییە دەرەکییانەدا لە ناوخۆی هەرێمیش بە هۆی قووڵبونەوەی ناکوکییە کومەڵایەتی و سیاسییەکان، و هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەر و ئاوارە کە مەترسی گورانی دیمۆگرافی و پێکدادانی ناسنامە لێیکەوێتەوە، نەتوانراوە ناسنامەیەکی هاوبەشی نیشتیمانی دروست بکرێت.

1معروف مەجید، مین و پاشماوە جەنگیەکان و مەترسییەکانی لەسەر ژینگە، ماڵپەری درەو میدیا، ٢٠٢٥/٧/٢٦، رێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/١١، https://drawmedia.net/environment?page=1.

٥- ئاسایشی ژینگەیی: بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا و کاریگەری نەرێنییەکانی و لەهەمان کاتدا سیاسەتی ئاوی وڵاتانی ئێران و تورکیا. گرفتی ژینگەیی و نا هۆشیاری خەڵک و کارگەکان لە بە کار هێنان بە فیرۆدانی ئاو و لاوازی پلانە ستراتیژییەکان، پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ئاو ببێتە ئاڵنگارییەکی گەورەی ئاسایشی بۆ هەرێمی کوردستان-عێراق.

لە کۆتاییدا دەگەینە وەڵامی گریمانەی توێژینەوەکە، کە مەترسی و هەڕەشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە خۆی لە کەرتەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە بوونیان هەیە. ئەوەش لە ئەنجامی کاریگەری و کارلێکی کەرتەکانی ئاسایشی و لاوازی لە هەر کەرتێک کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتێکی تر دەبێت، کە ئەمەش مەترسی بۆ سەر سەقامگیری ناوخۆیی و کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەرێم خاوەنی دەوڵەت نییە.

ڕاسپاردەکان :

١- ئاسایشی سیاسی: دروستکردنی کۆدەنگی نیشتمانی لە لایەن حیزبە سیاسییەکان لە پێناو نووسینەوەی دەستوور بە مەبەستی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکان و سیستەمی سیاسی و ماف و ئەرکی هاوڵاتییان، مێژووی ململانێ و (شەڕەی یەکترسەڕینەوە)ی حیزبەکان بۆتە هۆی نەبوونی متمانە لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەم برینانە پێویستی بە گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگایەکی هاوبەش هەیە بۆ چارەسەرکردنی (دۆخی قەبووڵکردن) لە جیاتی (یەکترسڕکردنەوە).

٢-ئاسایسی ئابووری: ا ـ کەمتر پشت بەستن بە داهاتی نەوت، پێویستی بە پلانی ستراتیژی و درێژخایەن هەیە لە ڕێگەی پشتگیریکردنی پیشەسازیی جۆراوجۆر لە بوارەکانی کشتوکاڵ، گەشتیاری و پیشەسازی، و دروستکردنی ژینگەیەک سەلامەت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

ب ـ بۆ لەبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی پێویستی بە ویستێکی ڕاستەقینە هەیە لە بەرزترین ئاستی سیاسی، بە هاوکاریی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە ئاستی (حکوومەت، پەرلەمان، دادوەری، ڕاگەیاندن، کۆمەڵگای مەدەنی). بێلایەنی لە لێپرسینەوە لە هێز یان پێگەی سیاسی و پەیرەوکردنی بەردەوام لە پرۆسەی چاکسازیدا.

٣- ئاسایشی سەربازی: گرنگە ڕۆڵ و کاریگەری حزبەکان لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشەکانی تر نەمێنێت و کاری جددی بکرێت بۆ بە دامەزراوەیی کردنی هێزی پێشمەرگە، ئەوەی خواستەش پەیوەستە بە پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو خاوەن بیروباوەڕی سەربازی و نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان.

٤- ئاسایشی کومەڵگەیی: ا ـ بە ئامانجی ژیانێکی ئاشتیانە و چارەسەرکردنی قەیرانی ناسنامە کە کۆڕۆکی ئاسایشی کۆمەڵگەییە لە هەرێمی کوردستان، و دووخستنەوەی بیری توندڕەوی ئایینی و نەتەوەیی پێویستی بە وشیارکردنەوەی تاکی کوردە لە قۆناغەکانی پەروەردە و زانکو.

ب ـ داڕشتنی سیاسەتێکی گشتیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و جێبەجێکردنی ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان، بڵاوکردنەوەی وشیاری زیانەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگای وەزارەتەکانی پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری.

٥- ئاسایشی ژینگەیی: پێویستەکار بکرێت بۆ بەهێزتر کردنی دامەزراوە حکومییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسا ژینگەییەکان و هەروەها وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای نوێی ئاو و کشتوکاڵی پێشکەوتوو بکرێت چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دراوسێکان هاوکاری بکرێت بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری تەکنیکی و ئەزموون.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**یەکەم: کتێب**


- ئازاد محەمەد نەقشبەندی، لێکۆڵینەوە کوردستانییەکان، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.
- ئیبراهیم رەمەزان، ئاڵنگاریەکانی ئاسایشی نیشتیمانی، بازنەی گفتوگۆ، ژمارە ٢، ٢٠٢٤.
- بارزان جوهر صادق، هەڕەسەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.
- بارزان جوهر صادق، متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی، ٢٠٢١.
- بریار محمد کاکەڕەش، واقعی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا لە ڕووی یاسایی و ئابوورییەوە، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠١٣.
- بلند دلێر شاوەیس، گەندەڵی و ئایندەی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٣.
- تاڤگە عەباس بوستانی، یاساکانی بەرەنگار بوونەوەی مادەی هۆشبەر، بازنەی گفتوگۆ، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، ژمارە ٢، ٢٠٢٤.
- جواد مستەفا ستوپەیی، سیستەمی سیاسی لە عێراق و مافی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراقدا، چاپخانەی ماد، تاران، ٢٠٢٠.
- جەلیل رەوشەندڵ، ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی:مستەفا شێخە، چاپخانەی هاوسەر(هەولێر)، ٢٠٠٩.
- حسین احسانی، لێکەوتەکانی سەربەخویی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاسایشی ناوچەیی، وەرگێڕانی: محمەد کەریمخان، چاپخانەی دانیشفەر، ساڵی٢٠٢٢.
- زاهیر مجید، ڕۆڵی کاریگەری نەوت لە سیاسەتدا، بازنەی گفتوگۆ، بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی، ژمارە ٤، ٢٠٢٥.
- زوبیر ڕسوڵ ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان(تورکیا، ئیران، سووریا، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا، ڕوسیا، چین)، نوسینگەی تەفسیر، ٢٠٢٤.
- ساری ئەبوبەکر زەڵمی، فرە چەشنە کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠.
- سامان حکمت علی، ڕەهەندە جیوپۆلیتیکیەکانی ڕیفراندومی سەربەخویی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- عبدالرحمن دەروێش، ستراتیجیەتی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە کوردستانی عێراق بەراییەکی تێوری، سەنتەری مارگرێیت و
  دەزگای رۆشنبیری جمال عیرفان، چاپخانەی کمال، سلێمانی، بێ سالی چاپ.
- فەرید دلشاد محەمەد، کاریگەری هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٤.
- کامران عزیز محمد، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدیین، ٢٠١٥.
- محمد رئوف سعید، لە دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ دەوڵەتی موڵکانەکرێ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٧.
- نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەروکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نوییەم؛ چاکسازی و خزمەتگوزاری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٢١.
- نەجات علی صالح، دیموکراسی وەک رەگەزێکی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ڕوانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن، چاپخانەی موکریانی، ٢٠١٤.
- نەجدەت ئاکرەیی، هەرێمی کوردستان و چەند لایەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین(هەولێر)، ٢٠١١.

• هاورێ حسن حمە، قوتابخانەی کۆپنهاگن و سێکتەرەکانی ئاسایش: فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قایرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.

دووەم: گۆڤاری زانستی:

• خەلیل کەریم محەمەد، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاویی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سلێمانی، ژمارە ١١، ٢٠٢٢.
• ساندی میلن، چۆن کەم ئاوی بووەتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگەکان، وەرگێڕانی: پەروش محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ١١، ٢٠٢٢.
• صالح عمر عیسی و پەرویز ڕەحیم قادر، ئاسایشی ئابووری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نمونە، گوڤاری قەڵای زانست، زانکوی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، بەرگی شەش، ژمارە: ٤، پاییزی ٢٠٢١.
• صالح عمر عیسی، پەروێزرەحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کوپنهاگن لە دوای ساڵی ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٣، ٢٠٢١.
• صالح عمرعیسی، پەروێز قادر رەحیم، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بوزان لە دوای ٢٠١٧، گوڤاری قەلای زانست، زانکوی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی٦، ژمارە٢، بەهاری ٢٠٢١.
• یاسین ئاشوور جەوهەر، پرسی ریفوڕمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩-٢٠١٨) لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی - شیکارییە، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی جوگرافیا، ٦ی حوزەیران، ٢٠٢٢.
• یوسف گۆران و ئەوانیتر، ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا؛گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا، گۆڤاری ڕانانی ئایندەیی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە ٧،سلێمانی،ئابی ٢٠٢٠.

سێیەم: تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە

• سەروەر حمە ئەحمەد، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی جیهانییدا: لێکۆڵینەوەیەک لە دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، دکتورانامە، زانکۆی سەلاحەدیین، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، هەولێر، ٢٠٢٤.
• هیوا مجید خلیل، کاریگەریی ڕای گشتی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، ٢٠٠٨.
• کارزان احمد عمر، ئالنگارییەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤، نامەی ماستەر، زانکوی سلێمانی، کولێژی زانستە سیاسیەکان، ساڵی ٢٠٢٣.
• عبدالواحد نافع توفیق، کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی: هەرێمی کوردستان-عێراق لە دوای ساڵی ٢٠١٤ وەک نموونە، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدیین-کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، هەولێر، ٢٠٢٥.
• فائزە ابراهیم محمد، هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٩٨.

-گۆڤار:

• ئازاد محمد ئەمین، پێگەی ئاوەیی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، گۆڤاری شروڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی پارتی، هەولێر، ژمارە ٣٠، ٢٠٢٠.
• ئومێد رەفیق فەتاح، عابد خالد ڕەسول، پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، گۆڤاری لێکولێنەوەی سیاسیی و ئەمنییەکان، بەرگی١ ژمارە٢، ٢٠١٨.

- دانا علی صالح، کارزان ئەحمەد عمر، مامەڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە ئالنگارییەکانی ئاسایشی لە دوای ٢٠١٤، گۆڤاری لێکوڵینەوەی سیاسیی و ئەمنییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢، ٢٠٢٤.
- سامان سورانی، بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوە و بەهێزکردنی دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری شروڤە، بەشی دیراسات و پێگەیاندنی (پارتی)، هەولێر، ژمارە ٣٦، ٢٠٢٤.
- سیراج محمد، پرۆسەی ئیدارەدانی ژینگە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠، ٢٠٢٥.
- شارا کەمال، ژینگەی پاک مافی نەوەکانی داهاتووشە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠.
- شیرزاد حسین فەرەج، ئاو وەک چەکێکی ستراتیژی و سیاسی (عێراق و تورکیا بە نمونە)، گۆڤاری بوار، سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی، ژمارە ٢، ٢٠١٨.
- شێرزاد ئەمین نەجار، بارودۆخی نوێی نێودەوڵەتی و قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان،گۆڤاری ئەنستیتۆ، ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان، ژمارە ٢، ٢٠٢٣.
- عبدالرحمان صدیق، دابەزاندنی وەزارەتی ژینگە بۆ ئاستی دەستە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ١٤٦٠، ٢٠٢٥.
- فرهاد جلال مصطفا، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەک لەمەڕ سەرچاوەی هەڕەشەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەیان، گۆڤاری بوار، ژمارە ١، ٢٠١٨.
- فەرهاد حەسەن عەبدالله، ناکۆکی خاوەندارییەتی لەسەر خاک؛ شەپۆلێکی نوێیە لە ناوچە جێناکوکەکان، گۆڤاری جورناڵ، ژمارە ٥٨، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.
- کاوە محەمەد فەرەج، البیئە و مفهومها و علاقتها بلانسان، گۆڤاری ئابووری سیاسی، سەندیکای ئابووری ناسانی کوردستان، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٩.
- محمد رەحمان ئەحمەد، ئاڵنگارییەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەکانی کلتور، ژمارە٤٧، ٢٠٢٢.
- نەجدەت ئاکرەیی، ئاسایشی نەتەوەییمان و هاوکێشە ئالوزەکان بەرەو کوێ، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٢٠، ٢٠٢٠.
- نەوزادی مهندس، ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ؟، گۆڤاری رۆشنگەری، بڵاوکراوەکانی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی(سلێمانی)،ژمارە ١٨.
- هاورێ حەسەن حەمە، بە سیاسی کردنی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرنال، ژمارە ٦٦، ٢٠٢١.

کۆنفرانس و یاساکان:

- ستراتیژی نیشتیمانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ٢٠٢١-٢٠٢٥، دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١.
- کۆنفرانسی میری، بارودۆخی هەرێم وهۆکاری قەیران، ڕێگا چارەسەرەکان و پێشنیارەکان، ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تووژینەوە میری، هەولێر، شوباتی ٢٠١٨.
- یاسای ژمارە (19)ی ساڵی 2007 یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پەرلەمانی کوردستان-عێراق.
-

ماڵپەرە ئەلێکترۆنییەکان:

- پیسبوونی ژینگە؛ هەڕەشەیەکی جیددیی لەسەر کوردستان، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٨/١٥، بەستەر: https://tinyurl.com/2t8dmktm
- پەرویز رەحیم قادر، ١٠ هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، ماڵپەری پێنوس، https://www.facebook.com/share/16GYgF9ofi ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/٥.

- پەیڕەو ئەنوەر، کاریگەری گۆڕانکاری کەش و هەوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ماڵپەری ڕووداو، ٢٠٢٣/٣/٥، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/١٣، https://rudawrc.net/sorani/event/karigeri-gorankari-keshuhewa-u-keshey-aw-le-rojhelati-newerast-2023-03-05
- ڕاپۆرتی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٤/٣، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/253273
- عارف قوربانی، مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، ماڵپەری ڕووداو، ٢٠١٧/٨/١٤، ڕێکەوتی سەرەدان:٢٠٢٥/٨/٢٠، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/140820172 .
- کوردستان پرێس، دیاردەی چەک هەڵگرتن سیمایەکی ناشارستانیە، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٢٢، https://www.kurdistanpress.net/News/opinion/1786 .
- گوران فەتحی، پلاسخارت و بنبەستی سیاسی عێراق، ماڵپەری کوردستانی نوێ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/١٢، https://knwe.org/KU/ArticleDetails/512 .
- لە هەرێمی کوردستان بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە زیادبووندایە، ماڵپەری میترو، ٢٠٢١/٦/٢٦، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٣١، https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=8952&Jor= .
- لەتیف نێروەیی، مژاری ئاوارەکانی هەرێم، ماڵپەری کورد پرێس، ٢٠٢٤/٧/١٨، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://ku.kurdpress.com/news/223808 .
- مادە هۆشبەرەکان، مەترسییەک لە سەر ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٧/٢١، بەستەر: https://bdaghi.blogfa.com/post/13 .
- ماڵپەری Micnews، کێشەی زەوییەکانی خورشید هەرکی چۆن پەرەی سەند و لە کۆنترۆڵ دەرچوو؟، ٢٠٢٥/٧/٩، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٢٢، https://micnews.net/KU/Details/4539 .
- ماڵپەری گوڵان میدیا، دیاردەی چەک هەڵگرتنی بێ مۆڵەت ژمارەی قوربانیان پتر دەکان، ڕێکەوتی سەردان:٢٠٢٥/٧/٢٢، https://www.gulanmedia.com/so/story/174838/1621544898-27135 .
- مامەند ڕۆژە، جیوکلتووری ناسنامە: سیاسەتی ناسنامەی کوردی، ماڵپەری لێکۆڵینەوەی ناوەندی ڕووداو، ٢٠٢٣/٣/١٣، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٢٥، https://rudawrc.net/sorani/article/cyokultuwri-nasname-syaseti-nasnamey-kwrdi.
- ماوەی ١٣ ساڵە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم گۆڕانکارییەکی لە پێکهاتەیدا نەکردووە، https://www.sbey.net/news/9cf7be25-d7f0-4db9-9480-9a867743d62 .
- معروف مەجید، مین و پاشماوە جەنگیەکان و مەترسییەکانی لەسەر ژینگە، ماڵپەری درەو میدیا، ٢٠٢٥/٧/٢٦، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥ /٨/١١، https://drawmedia.net/environment?page= .
- مەسرور بارزانی: هەڕەشە و مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر هیچی لە تیرۆر کەمتر نییە، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٧/٢١، بەستەر: https://haremnews.com/details/44052 .
- نەتەوە یەکگرتووەکان: زۆرینەی پەنابەران لە سنووری هەولێرن، کەناڵی کوردستان ٢٤، ٢٠٢٥/١/١٠، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٨، https://www.kurdistan24.net/ckb/story/819155 .
- نەزهەت حالی، دوایین دەرفەت بۆ سیاسییەکانمان،ماڵپەری هەرێم نیوز، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٥/٦، https://haremnews.com/wtar-detail.aspx?Jimare=648 .
- هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی مادەی هۆشبەردا، ماڵپەری هەرێم نیوز، ٢٠٢٢/٩/١٦، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٧/٣١ https://haremnews.com/details/34728 .
- هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسیی کورد(بەشی دووەم)، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٥/٥/٢٣، https://kurdistanukurd.com/?p=13567

**سەرچاوەی فارسی**

**کتێب**

- باری بوزان و دیگران، چارچوب تازه برای تحلیل امنیت، ترجمه :علیرضا طیب، انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی، ١٣٨٦(٢٠٠٧).
- باری بوزان، مردم، دولت ها و هراس، مترجم: محمد علی قاسمی، پژوهشکده مطالعات راهبردی، (٢٠٢٠)١٣٩٩.
- علی عبدالله خانی، نظریه های امنیت، تهران، مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر، ١٣٩٢(٢٠١٣).

**گۆڤاری زانستی**

- احمد نوریان و محمد جواد رمضانی، غیر امنیتی کردن مسائل اجتماعی، مطالعه موردی شهر تهران، فصلنامه علمی امنیت ملی، سال دهم، شماره: ٣٦، تابستان١٣٩٩(٢٠٢٠).
- بهاره سازمند، مکتب کپنهاک و امنیت زیست محیطی خلیج فارس، واکاوی فعالیتهای سازمان راپمی، فصلنامه علوم و تکنولوژي محیط زیست، دوره نهم، شماره:چهارم، سال ١٣٨٦(٢٠٠٧).
- حسنعلی احمدی فشارکی و یاسر اسماعیل زاده امامقلی،داعش و امنیت ایران با تکیه برمکتب کپنهاگ، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال پنجم، شماره١٨، پاییز١٣٩٥(٢٠١٦).
- حسین فرزانه پور، ناصر یوسف زهی، تاملی انتقادی به چالش های امنیتی روابط اقتصادی ایران و افغانستان، دوفصلنامه سیاست و روابط بین الملل، سال اول، شماره دوم،١٣٩٦(٢٠١٨).
- دیوید موتیمر، فراسوی استراتیژی: اندیشه انتقادی و مطالعات امنیتی نوین، مترجم: محمود عسکری، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهارم، شماره سوم، پاییز١٣٨٠(٢٠٠١).
- رسول زارع زاده ابرقویی، نگاه کپنهاگی به امنیتی سازی: مبانی و چالش ها، فصلنامه افاق امنیت، سال دهم، شماره سی و ششم، پاییز ١٣٩٦.
- رضا سیمبر، بازنگری مفهوم امنیت در عرصه روابط بین المللی،فصلنامه سیاست خارجی، سال چهاردههوم، شماره ٣، سال ١٣٧٩
- رضاد داوری اردکانی و سید رضا شاکری، امنیت سیاسی در اندیشهامام خمینی، دانش سیاسی، سال پنجم، شماره اول، بهار ١٣٨٨
- عبداله قنبرلو، امنیت ملی مفهوم، تئوری و عمل، فصلنامه علمی-تخصصی، سال اول، شماره: اول، بهار١٣٩٧(٢٠١٨).
- علیرضا سمیعی اصفهانی و دیگران، تبیین اعباد و مؤلفه های رویکرد امنیتی دولت روحانی براساس نظریه مکتب کپنهاگ، فصلنامه علمی ,پژوهش های راهبردی سیاست، دوره ١٠، شماره ٣٩، زمستان ١٤٠٠.
- علیرضا سهرابی نور و دیگران، گاپ و تحویل پذیری الگوی همکاری-رقابت در چارچوب رژیم هیدرو پلیتیک حوضه آبریز دیجله و فرات، فصلنامه مطالعات سیاست بین الملل، دوره٢، شماره: ٣، پاییز١٤٠١(٢٠٢٢).
- محمد رضا دهشیری، سید محمد حسین حسینی، تاثیر امنیت منطقهای بر رفتار شناختی مجموعههای امنیت مناطق، فضلنامه علمی پژوهشی سیاست جهانی، دوره ششم، شماره اول، بهار ١٣٩٦(٢٠١٧).
- منیره نویدنیا، معمای امنیت اجتماعی، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال ششم، شماره نوزدهم، بهار١٣٨٣(٢٠٠٤).
- مهدی خانی، مفهوم سازی بهران امنیتی با تاکید بر اموزهای مکتب کپنهاگ، فصلنامه محیط راهبردی، سال چهارم، شماره١٢، پاییز١٣٩٩(٢٠٢٠).

- مهرداد علی پور و دیگران، مکتب کپنهاگ به مثابه چارچوب تحلیلي همکاري هاي سیاسي امنیتي تهران/ دمشق (۲۰۱۱-۲۰۲۰)، فضلنامه پژوهش های حفاظتی-امنیتی، دانشگاه جامع امام حسین، سال هشتم، شماره: ۳۱، پاییز۱۳۹۸(۲۰۱۹).
- نبی الله ابراهیمی، تاملی بر مبانی و فرهنگ مکتب کپنهاگ، فصلنامه سیاست خارجی، سال۲۱، شماره: ۲، تابستان۱۳۸٦(۲۰۰۷).
- هادی عباسی زاده و کامران کرمی، سرمایه اجتماعی و امنیت ملی پایدار، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهاردهم ، شماره اول، بهار۱۳۹۰.
- یاسر اسماعیلزاده امامقلی و حسنعلی احمدي فشارکی، داعش و امنیت ایران با تکیه بر مکتب کپنهاگ، فصلنامه پژوهشهای راهبردي سیاست، سال پنجم ، شماره: ۱۸، پاییز۱۳۹۵(۲۰۱٦).

سەرچاوەی عەرەبی

- احمد اسماعيل قادر، تحليل تجارب دوليه مختارة في التركيز على تحليل و تقيم عمليات خصخصه القطاع الصناعى في اقليم كوردستان العراق للمده (۱۹۹۷-۲۰۰۸)، رساله ماجستر، كليه الادارة و الاقتصاد، جامعه السليمانيه، ۲۰۰۹.
- توفيق بوستى، مدرسه كوپنهاغن، نحو توسيع و تعميق مفهوم الأمن، موقع المصرى للدراسات، ۲۰۱۹.

منيغر سناء، التنوع الثقافي من منظور الأمن المجتمعي، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة سطيف، الجزائر، 2013-2014، ص۱۳. متاح على الرابط الالكتروني: https://www.univdz.com/bibliotheque/2-droit-public/4074-التنوع-الثقافي-من-منظور-الأمن-المجتمعي

سەرچاوەی ئینگلیزی:

- BARRY BUZAN, et al. " Security: A New Framework for Analysis ," Boulder, Colorado: Lynne Rienner, 1998
- Shahryar Rahimli, (2016), "Securing immigration, the performance of the European Union towards Syrian immigrants", Research of Nations, number twenty-four, {in Persia

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- ب ليرخ، دراسات حول الاكراد، ت. عبدي حاجي، منشورات مكتبة خاني، ١٩٩٤
- - باسيل نيكتين، الكرد، صلاح برواري، من منشورات مجلة اسو، ١٩٩٢
- - محمود بايزيدي، رسالة في عادات الاكراد و تقاليدهم ، ت. جان دوست،هيئة ابوظبي للثقافة والنشرات، ٢٠١٠
- - كاظم حيدر، الاكراد من هم والى اين؟، منشورات فكر الحر، بيروت، ١٩٥٩

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# التحديات الأمنية الداخلية لإقليم كوردستان-العراق (٢٠٠٥-٢٠٢٥) في إطار مدرسة كوبنهاغن للأمن



| |
|---|
| سيامند طه ملاك |
| قسم السياسة العامة والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| arazakrayi1@gmail.com |
| پ.ی.د پەرويز رەحيم قادر |
| قسم السياسة العامة والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| parwez.qader@su.edu.krd |



**الملخص**

**تعرض أمن إقليم كردستان بعد عام 2003 وسقوط النظام السابق لعدة تهديدات أمنية، والتي نحاول في هذا البحث، ضمن إطار مدرسة كوبنهاغن، تحليل التهديدات الأمنية الداخلية لإقليم كردستان. الهدف من هذا البحث هو دراسة القضايا والجوانب الأمنية لإقليم كردستان، وكذلك الإجابة على السؤال التالي: من منظور مدرسة كوبنهاغن، ما هي التهديدات الرئيسية لأمن إقليم كردستان؟ وما نوع التهديد الذي تشكله على أمن الإقليم؟ في جزء آخر من هذا البحث، نقدم إطاراً نظرياً لتحليل الأمن القومي وتأثير الصراعات والنزاعات بين القوى السياسية المشاركة في السلطة على كل من القطاعات (السياسي، الاقتصادي، العسكري، المجتمعي، البيئي) وفقاً لمدرسة كوبنهاغن. وأخيراً، يصل البحث إلى عدة استنتاجات: أن الصراعات الحزبية والسياسية المسلحة، وغياب اقتصاد سليم من حيث تنويع مصادر الدخل والاعتماد الوحيد على بيع النفط، والانقسام الحزبي للقوات العسكرية والأمنية، وكذلك قضايا الهوية والمخدرات والهجرة، وفي مجال الأمن البيئي، التلوث البيئي وقضايا المياه وأساليب الإدارة - إن وظيفة وتفاعل هذه الجوانب تسبب في أمننة القضايا وتضع أمن إقليم كردستان تحت التهديد. في هذا البحث، تم استخدام منهج تحليل المحتوى، ولجمع البيانات، تم الاستعانة بالمعلومات من المصادر العلمية والمؤسسات الأكاديمية والإنترنت والمجلات العلمية.**

**الكلمات المفتاحية: مدرسة كوبنهاغن، التهديد الداخلي، إقليم كردستان**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Internal Security Challenges of the Kurdistan Region-Iraq (2005–2025) within the Framework of the Copenhagen School of Security

| |
|---|
| **Syamand taha malak** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **arazakrayi1@gmail.com** |
| **Assist. Prof. Dr. parwez Rahim qadr** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **parwez.qader@su.edu.krd** |

**ABSTRACT:**

**The security of the Kurdistan Region after 2003 and the fall of the former regime has faced several security threats, which in this research, within the framework of the Copenhagen School, we attempt to analyze the internal security threats to the Kurdistan Region. The aim of this research is to examine the security issues and aspects of the Kurdistan Region, as well as to answer the question: from the perspective of the Copenhagen School, what are the main threats to the security of the Kurdistan Region? And what kind of threat does it pose to the region's security? In another part of this research, we present a theoretical framework for analyzing national security and the impact of conflicts and disputes among political forces participating in power on each of the sectors (political, economic, military, societal, environmental) according to the Copenhagen School. Finally, the research reaches several conclusions: that partisan and political arm conflicts, the lack of a sound economy in terms of diversifying revenue sources and sole reliance on oil sales, the partisan division of military and security forces, as well as issues of identity, narcotics, migration, and in the field of environmental security, environmental pollution, water issues, and management methods - the function and interaction of these aspects cause the securitization of issues and place the security of the Kurdistan Region under threat. In this research, the content analysis method has been used, and for data collection, information has been drawn from scientific sources, academic institutions, the internet, and scientific journals.**
**Keywords: Copenhagen School, Domestic Threat, Kurdistan Region**